پەیامی قیبلە

# هونەری گفتوگۆو ڕوبەڕوبونەوە
# ئەزمومی تاك و پەیام بۆ كۆمەڵ

## پەیامی ئیسلام ٢

د. عومەر عەلی
٢٠١٩

ژمارە
٣٤

پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


**ناوی کتێب: هونەری گفتوگۆو ڕووبەڕووبونەوە ئەزمومی تاك و پەیام بۆ کۆمەڵ، پەیامی ئیسلام ٢.**

**نوسەر: د عومەر عەلی**

**دیزانی ناوەوە: عبدالله خاکی**

**دیزاینی بەرگ: توانا ئەحمەد**

**چاپخانە:**

**تیراژ:**

**نرخ:**

**ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە**

**بۆ پێشەکی:**

لە پرۆفیسۆرەوە بە ئیمەیڵ: سڵاو، تەنها دەمەوێت دڵنیابم کە ئەم ئیمەیڵە عومەر عەلی خاوەنداریەتی دەکات؟

عومەر عەلی: سڵاو، هیوادارم ئەم نامە لە کەسێکی دروستەوە هاتبێت و بەدوای کاری خراپەوە نەبێت، گەروابێت ناچار دەبم بیخەمە لیستی سپامەوە!

پرۆفیسۆر: دوبارە سڵاو، خۆشحاڵ بووم کە هەوڵەکانم بە فیڕۆ نەڕۆشتووە، ماوەیەکی زۆرە لە هەوڵدام و بە هاوکاری بەشی تۆماری زانکۆی وەیڵز، تا توانم ئێوە بدۆزمەوە، نازانم دروستی و نادروستی بەلای ئێوەوە چی یە، بەڵام بە گومانی خۆم عەوداڵی کاری دروستم، رێگەم بدە خۆمت بە کورتی پێ بناسێنم، من پرۆفیسۆر (......) لە ئوستورالیاوە ئەم نامە دەنێرم، ئێمە لێرە پەیوەندیمان لەگەڵ زانکۆی وەیڵز هەیە، بۆ کاری ئەکادیمی، ساڵی ٢٠١٠ توێژینەوەکەی ئێوە لە بەریتانیا بۆ من نێردرا تا وەك سەرپەرشتیاری کۆتایی بیخوێنمەوەو بڕیاری لەسەر بدەم، منیش خوێندمەوەو بڕیار کۆتای ئێوەم راسب کرد، چوون دەقێکی قورئانتان لەناو توێژینەوەکەدا بەکارهێنابوو، ئەڵبەت خراپ تێمەگە، بیانوی من ئەوەبوو کە توێژینەوەکەی

ئێوە لە بواری ئەدەبدا بووە نەك دین، وە ئاماژەی سیاسیشی تێدابوو، بەڵام دوای ٣ مانگ شەوێك رۆشتمە سەر جێگە خەوم لێ نەدەکەوت، توێژینەوەکەی ئێوەم هاتەوە یادو دەقە قورئانیەکان، هەستی تاوانم لە ناخدا بەرانبەر خۆم بۆ دروست بوو، زۆر ترسام لەوەی وازتان هێنابێت، تا دواتر ناوتانم دۆزیەوە لە لیستی دەرچووەکاندا، ئەڵبەت وێنەو ڤیدیۆو وەك هەواڵیش دیم، بەڵام بە وێنە ئێوە ناناسم، ئێستە من بەرانبەر ئامێرێکم، هەموو ژیانیشم زیاتر لەگەڵ ئەم ئامێرانەدا بووەو دڵم ئاو نادات، گەر دەرفەتم پێ بدەن و کاتتان هەبێت، بۆ کاتێکی کەمیش بێت خۆشحاڵ دەبم لە نزیکەوە بتان بینم، لای من زۆر خۆشە کە خاوەنی راستی ئەو توێژینەوە ببینم، دەزانم ئەو پرسیارەت لا دروست دەبێت کە چۆن؟ وەڵامی ئەوەش دەدەمەوە لەداهاتوویەکی نزیکدا دێمە بەریتانیاو ئاگادارت دەکەمەوەو ناونیشانی هۆتێلەکەشت پێ دەدەم، هیوادارم ئێوەش کاتتان هەبێت و ئەو دیدارە سەربگرێت.

عومەر عەلی: سڵاو، کە لەگەڵ نوسینەکانتدا دەڕۆشتمە خوارەوە، بیرم لە رۆژەکانی زانکۆو نارەحەتیەکانی دەکردەوە، ئەو ساڵەش ناخۆشترین ساڵەکانی ژیانم بوو، چوون

منداڵێکیشمان بوو هەر لەو ساڵەدا نزیکی ٤ مانگ لە نەخۆشخانەبوو، بەڵام شتی زۆر فێرکردم سوپاس بۆ الله گەشتم بە ئەنجام، فەرموون لەگەڵ ژمارەی تایبەتی (٠٧٧) تا ٣ مانگی داهاتووش بەرنامەی سەفەرم نی یە، هەرکات هاتن یەك دەبینین.

**دوای ١ مانگ**

تەلەفۆنێك هات: سڵاو، دەتوانم لەگەڵ عومەر عەلی قسە بکەم؟

عومەر عەلی: فەرموو ژمارەکە دروست لێتداوە، من لەگەڵ کێدا قسە دەکەم؟

من پرۆفیسۆر (....) کە ئیمەیڵمان گۆڕیەوە، ئێستە لە هوتێڵ

**Celtic Manor**

م عینوانەکەت دەدەمێ تا ٣ رۆژی تریش لێرەم، گەر لە دوای کاریش بێت کاتێك بە من بدەیت سوپاست دەکەم.

عومەر عەلی: ئەو هوتێلە شارەزام پێویست ناکات عینوانەکەی بنێریت، مەگەر هەر ئەو هوتێلە نی یە کە سەرۆکەکانی جیهان لە کۆنفرانسی ناتۆی ساڵی ٢٠١٤ تێیدا دەمانەوە؟ یەك دەبینین گەر دوای سەعات ٧ بێت ئاساییە؟

پرۆفیسۆر: بەڵێ هەمان هوتێلە، بۆ منیش باشترە دوای سەعات ٧، ئیشەکانی زانکۆم تەواو دەکەم.

**یەکتربینین**

چوونە ژوورەوە لە پرسگە، سڵاو ژووری ژمارە (٠٠) گەر تەلەفۆنیان بۆ بکەن و بڵێن لە خوارەوە چاوەڕێت دەکەن، خۆی تەلەفۆنی کرد پێشتر وتی: میوانێکم دێت رێنمونی بکەن بۆ ژوورەکەم، فەرموو لەگەڵمان وەرە.

عومەر عەلی: سڵاو پرۆفیسۆر خۆشحاڵ بووم دوای ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی و نامە گۆڕینەوە لە کۆتایدا بەیەك گەشتین.

پرۆفیسۆر: سڵاو، بۆ هیچ شتێك ئەوەندە تامەزرۆ نەبوم وەك ئەم دیدارە، فەرموو لەو بەرانبەرە دانیشە...

**دوای کۆمەڵێك قسەو باس و تایبەتمەندیە کەسێتیەکان بەدەم خواردنەوەی چاو شیر.**

پرۆفیسۆر: هەست بە ئارامی تەواو دەکەم کە لەگەڵ تۆدا قسە دەکەم، نازانم بۆ؟

عومەر عەلی: ئێمەش مرۆڤین، هەستمان هەیە، هەست بە هەستەکانی بەرانبەریش دەکەین، راگەیاندنەکان ئێمەیان لە ئێوە تۆقاندووە، بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان مرۆڤەکان دەکەن بە قوربانی، جیاوازیەکان قوڵ دەکەنەوە، کەسێك ریشی هەبێت

لێی بترسن لەهەمان کاتدا هەیە لەو ریشیشی درێژ ترە بەس هەڵگری دین نەبێت لێی نەترسن، حیجاب لەبەر دەبینن وا دەزانن لە ژێریدا قومبەلەیەك هەیە، ئەم راگەیاندنانە مەودای زۆری خستووەتە نێوانمان و زیانی گەورەی بە گشت کۆمەڵگەکان گەیاندووە.

پرۆفیسۆر: من وەك خۆم ئێستە قسە دەکەم، ژیانم بەردەوام لەناو ئیلتیزاماتدا بووەو لەبەر پێگەکەشتم نەڕۆشتوومەتە هەتا دیسکۆو بارەکان، چوون خۆت دەزانیت ئەوانە زیاتر کەسانی سەرجادەن و دواتر لەسەر کەسایەتیمان دەکەوێت!

عومەر عەلی: بەڵێ چاك ئەوە تێدەگەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە کار ئاسانی زۆریش بۆ خواردنەوەو رابواردن دەکرێت هێشتا بۆ کەسە باڵاکان هەر عەیبەو لەوەشدا خەڵکە ئاساییەکە دەبنە قوربانی، بە هەڵە لێم مەگە، مەبەستی شکاندنی ئێوەم نی یە، بەڵام مسوڵمانێکی ئاسایی نەخوێندەوار بە مەرجێك پابەند بێت بە دینەکەیەوە ئاستی پرۆفیسۆری هەیە!

پرۆفیسۆر: ئەگەر روونتر بڵێن؟

عومەر عەلی: مسوڵمانێك گەر ئەلفەبەدی خوێندەواریش نەزانێت و تەنها پابەند بێت بە دینەکەیەوە وەك تۆی پرۆفیسۆر

بیردەکاتەوە، ناڕواتە ئەو جێگانە چوون دەڵێ لەسەر کەسایەتیم دەکەوێت!

پرۆفیسۆر: ئەم قسە زۆر گەورەیە تۆ دەیکەیت، کەسێکی ئاسایی چ رێگریەك هەیە لەوەی بەدوای ئارەزووکانیدا بێت، خۆ ئەوان ناسراو نین!

عومەر عەلی: بەڵێ هەمووی ناسراوە! نەك ئەو ناسراوەی چاوی کامێرای دونیای لەسەر بێت، خوایەك ئەو دەناسێت و ئەمیش هەستی ئەو چاودێریە دەکات زۆر لە کامێراکانی ئێوە بەهێزترە.

پرۆفیسۆر: تکا دەکەم مەڵێ ئێوە! من و تۆ ئێستە دوو بەدووین!

عومەر عەلی: داوای لێبوردن دەکەم گەر زمانەکەم زبری تێدا بێت مەبەستی خراپم نی یە، مەبەستم واقعەکەیە ئێوەش کەسایەتیەکی گەورەو ئەکادیمین و چاك لەوە تێدەگەن!

پرۆفیسۆر: من لە وەڵامی یەکەم پرسیارتدا لەبارەی راگەیاندنەوە تێگەشتم و باوەڕم بە قسەکانت کرد، ئیتر واز لەوە بهێنە، چەند پرسیارێك دەتوانم بکەم؟

عومەر عەلی: دانیشتنەکەمان نا فەرمیەو گونجاوە بۆ هەر پرسیارێك؟

پرۆفیسۆر: بۆچی لە ئیسلامدا دوو ئافرەت بە یەك شاهید قبوڵ دەكرێت؟ ئەوە بەكەم سەیركردنی ئافرەت نی یە؟

عومەر عەلی: من ناچار دەبمەوە دیسان باسی راگەیاندن بكەم، ئەوەی تۆ دەیڵێیت ئەنجامی كاریگەری راگەیاندنە نەك خوێندنەوەو توێژینەوەی دروست لەو بوارەدا، هیوادارم وەك كەسێكی گەورەو ئەكادیمی بیربكەنەوە نەك وەك كەسێكی سەرجادە وەك خۆتان ئاماژەتان پێكرد، گومانم نی یە تا ئێستە سەدان توێژینەوەتان خوێندووەتەوەو نەقدتان لێگرتووە لە بواری ئەدەبیدا، كاتیش بدەن بە گەڕان بەدوای هەر پرسیارێكدا كە هەتانە، بەڵام لە سەرچاوە دروستەكەی خۆیەوە نەك لە دەمی نایارانەوە.

پرۆفیسۆر: قسەكانت دەموەستێنێت ببورە، مەبەست كێیە لە نەیاران؟

عومەر عەلی: ئەڵبەت زۆرن بەناوی ئیسلامەوە باسی ئیسلام بۆ خەڵكی دەكەن، هەیە لە بەرگی ئیسلامدا وەك ئەحمەدیەكانی بەریتانیا، هەشە بە ماسكەوە، وەك ئەو هەموو سایت و چاپەمەنیانەی ئیسرائیل و رێكخراوە هەمە جۆرەكان هەتا بە عەرەبیش و وە بە ئینگلیزیش.

پرۆفیسۆر: بەڵام هەر وەڵامی پرسیارەکەت نەدایەوە لەسەر ئافرەت!؟

عومەر عەلی: مەبەستم خۆ دزینەوە نەبوو، زۆر شت پێویستە پاش و پێشەکەی بزانیت، ئافرەت لە ئیسلامدا بەپێی مەوقیعەکەیتی، جاری وا هەیە دوانیان لەبری یەك پیاو وەك شاهید قبوڵ دەکرێت، جاری واش هەیە یەك دانەیان لەبری دوو پیاو بە شاهیدی قبوڵ دەکرێت، ئەو بوارەی کە سەختەو ئافرەت وەك سروشت ترسی لێی هەیە ئیسلام وەك هاوکاری کردن و ئەرك سوککردنی دوانی بە دانەیەك وەردەگرێت، ئەوش وەك کارئاسانی کردن بۆ یەکتر، ها نابینی هەتا جاری وا هەیە پیاویش بۆ وتنی قسەیەکی سەخت کە دوو کەسیشن، ئەو بە ترسەوە دەڵی توخوا تۆ بیڵی؟ ئەو دەڵێ نا تۆ بیڵێ؟ بۆ تێگەشتن لەم دەقانە نابێت بە ژمارە فریو بخۆین، دەبێت هەستەکان بخوێنینەوە، ئەوەتا ئێستە لێرە لەم بەریتانیاش ئەوەندە سەختە هەتا پیاویش ناوێرێت شاهیدی بدات چ جای ئافرەت، چوون ئەوە دادگایە خۆ خواردن بەشکردن نی یە!، من وەك موتەرجم دەڕۆمە دادگا جاری وا هەیە دەترسم کە کارەکەشم وەرگێرانە نەك شاهید! بەڵام بۆ نمونە لە بواری شیردان بە منداڵدا ئیسلام شاهیدی یەك ئافرەت وەردەگرێت بە تەنها کە لە بوارەکانی تردا

بەلانی کەمەوە دوو شاهیدی دەوێت بۆ کارەکان، بۆ هەندێکیش ٤ ی دەوێت بەپێی قورسی کەیسەکە.

تۆ بڕۆ ئەو دەقانەی کە هەمووی پەیوەستە بە ئافرەتەوە لێکۆڵینەوەی لێ بکە، بەراوردی بکە بە مێژووی خۆتان لە بواری ئافرەتدا تا ئێستە ئەوسا جیاوازیەکان ببینە! وە بیریش لە بەرواری مێژوویەکەیان بکەرەوە، ئیسلام کەی ئەوەی وتووەو ئێوە کەی گەشتوون پێی!

پرۆفیسۆر: ئەڵبەت پرسیاری تریشم هەبوو، بەڵام کاتتان ناگرم، من ناچارم کاتێك تەرخان بکەم بۆ ئەوەی بەدواداچوونی ورد بکەم بە تایبەت لەسەر قورئان، چوون دەقە قورئانیەکانی تۆ و توێژینەوەکە هەر لە مێشکمدایە.

عومەر عەلی: قورئان یەکەم سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلامەو وە گرنگترین و باشترین سەرچاوەشە، من کاتی خۆی وەك دەقێکی دینی لە توێژینەوەکەدا بەکارم نەهێنابوو، وەك سەرچاوەیەك بەکارم هێنابوو، چوون لای من قورئان دروستترین سەرچاوەیە، گەر رێگە بدەیت لەناو سەیارەکەمدا قورئانیشم پێیە بە تەرجومەی ئینگلیزیشەوە پێدانی دەدەم.

پرۆفیسۆر: سوپاست دەکەم و وەك دیاریەکی گەورە لای خۆم دیراسەی دەکەم و پارێزگاری لێ دەکەم.

عومەر عەلی: ئافرەتێك لە های پارکی لەندەن مسوڵمان بوو، دەزانی کە پرسیاریان لێکرد بۆچی مسوڵمان بوویت؟ وەڵامەکەی چی بوو؟

پرۆفیسۆر: نا نازانم.

عومەر عەلی: وتی ئیسلام وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دامەوە، هیوادارم تۆش وەڵامی هەموو پرسیارەکانت وەرگریتەوە.

پرۆفیسۆر: هەرگیز ئەم دانیشتنەم لەیاد ناچێت، دوای رۆشتنی تۆش یەکسەر لە یاداشتەکانمدا دەینوسمەوە.

عومەر عەلی: سوپاسی ئێوە دەکەم و کاتێکی پڕچێژو بەسودمان بەسەربرد، ئەوەشم کەوتەوە یاد دەیکەم بە کۆتا قسەو دەڕۆم، ٢٠١٤ کە کۆنفرانسی سەرۆکەکانی ناتۆ بوو لەم هوتێلەدا ئۆباما کە سەرۆکی ئەمریکایە نەیدەوێرا لەم هوتێلەدا بخەوێت، بە فڕۆکەی سەربازی هەموو رۆژێك دوای کۆنفرانسەکە دەڕۆشت بۆ سەفارەتی ئەمەریکا لە لەندەن لەوێ لەناو سەفارەتەکەدا دەخەوت، ئێمە کەسێکی ئاسایی جورئەتمان لە سەرۆکی گەورەترین وڵاتی زلهێز زیاترە، ئەوەتا من بە تەنها خۆم هاتم بۆ ئێرە.

پرۆفیسۆر: وامزانی ئێوە زیاتر هەر لە دین دەزانن!

عومەر عەلی: گەر بماندوێنن زیاترتان بۆ دەردەکەوێت، هیوادارم مەوداکان بچوك بکرێتەوە، کاتێکی خۆش

دوای ٩ مانگ نامەیەك لە پرۆفیسۆرە.

السلام علیکم، تەنها ویستم ئاگادارتان بکەمەوە دەزانم خۆشحاڵ دەبن، من هەر ئێستە لە مزگەوت هاتمە دەرەوە دەتوانم بڵێم من ئێستە مسوڵمانم سوپاس بۆ خوا.

لە دڵی خۆمدا: ئەی یاخوا بەخێربێیت جەنابی پرۆفیسۆر سەر تەپڵی سەرمان.

**عومەر عەلی و پسپۆڕێکی دەرونی ئینگلیز بەناوی (تۆنی).**

سەردەمی بەعس خزمێکمان گیرابو، هەواڵیان دابو بە دایکی کە کوڕەکەی گیراوە لە ئەمنە سورەکەی سلێمانیە، بۆ ئەوەی لەسەر دڵی سوك بێت و کەمتر خەفەت بخوا، وتبویان دایە گیان، کورە هەر ئەو نی یە، دونیا گیراوە، رۆشتبون بۆ مەواجە، بازاڕ زۆر قەرەباڵغ ببو، ئەویش پیر نەیدەتوانی لەناو قەرەباڵغیدا بە ئاسانی دەربچێت، وتبوی بە کەلامی خوا کوڕەکەی من نەبێت کەس نەگیراوە، خۆ ئەوەتا مەجال نی یە پێدانێم.

کە دەڕۆیتە دەرەوەو قەرەباڵغی دەبینی و هەموی خۆی رازاندوەتەوە، ئیتر دەڵێی دونیا هەموی شامی شەریفە، ئەوانەی ئەوروپاش بە تایبەتی هەر بڕیار لەسەر ئەم روکەشە دەدەن.

کە دەڕۆمە شێتخانەکانیش سبحان الله هەر پڕە، دەڕۆمە زیندان هەر پڕە، دەڕۆمە مەحکەمە هەر پڕە، دەڕۆمە دائیرەی پۆلیس هەر پڕە.

له کۆتایدا دەبێت دان بنێین بەوەدا هەم کێشەو هەمیش تاوانەکان زۆرن، بۆ رێگە گرتن لە تاوانەکان و کەمکردنەوەی کێشەکان دەبێت ئیلا یاسا هەبێت، رێنمونی هەبێت، کەسانی پسپۆڕیش هەبێت پسپۆڕانە دەقەکان بگەیەنێت، من وەك خۆم دەڵێ بانگی محمد بە ئاشکرا خۆشە، قەناعەتم هەیە بنەماکانی رێگەکردن لە تاوان لە ئیسلامدا زۆر بە جوانی داڕێژراوە، بۆ پاراستنی ئەمنیەتی گشتی پەیڕەوکردنی لە هەموو یاساکان پێم باشترە، وە نەبێت ئەمە لە خۆمەوە بڵێم، سەدان زیندان و مەحکەمەو دائیرەی پۆلیس و تاوانی جۆربەجۆرم دیوە، بە حوکمی هەم ئیشەکەم، هەمیش بواری رۆژنامەوانی کە زیاتر لە ١٥ ساڵە بەردەوامیم تێیدا هەیە، جگە لەوەش وەك نوسەرێك و لێکۆڵەرێك سەر بە هەمو کونێکدا دەکەم.

کابرا لەسەر دزی گیراوە لە بەریتانیا لە زینداندا بازرگانی بە موخەدەراتەوە دەکات! لەسەر تاوانێکی بچوك گیراوە لە زینداندا فێری دەیان جۆری تاوانی تر بوە، زۆرکەس بەردەبێت لە زیندان دواتر بە تاوانێکی گەورەترەوە دەگەڕێتەوە زیندان، ئەڵبەت زۆر کەسیش هەیە دەربازی دەبێت لە زیندان و دەستەڵات دەستەڵاتی ناگات پێی، بازرگانی بە مرۆڤەوە سەدان

جۆر هەیە لە ئەوروپاو ئەمەریکا، ئەگەر ویستت ئەم قسەی من تاقی بکەیتەوە بنوسە

**Human Trafficking**

بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە، سەدان جۆری بازرگانی هەیە، لە سێکسەوە بیگرە کە ئاسانترینیانە، تا دەگاتە کارپێکرن و گوشتن و گواستنەوەی ئەندامەکان، لە ئەوروپا تا منداڵ گەورە نەبێت ناتوانێت بە تەنها بچێت بۆ قوتابخانە، بۆ؟ لەترسی ئەم جۆرە بازرگانانە، لەگەڵ ئەوەدا وڵاتانی مسوڵمان نشین، داتاکان زۆر زۆر کەمترمان پێ دەڵێ، لەگەڵ ئەوەی کە ئیسلامیش وەك یاسا پەیڕەو ناکرێت بەڵام هێشتا بەراورد بە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا ئێجگار کەمە، ناوی نابەم ئێستە خۆی دەزانێت ئەگەر ئەم نوسینە بخوێنێتەوە، زۆر لافی بە ئەمەریکاو ئازادی ئەمەریکاو سستمی سیکۆلاری ئەمەریکا دەدا، براکەی رۆشت بۆ ئەوێ بۆ سەفرەو سیاحەت، ئاڵتونی ژنەکەیان لە ناوەڕاستی بازاڕدا هەمووی بردو خۆشیان کوشت.

ئەمریکیەك رۆشتبومە بازاڕی دۆلارەکەی خۆمان وتبوی باشە ئەو پارانە راستیە وا دانراوە لەسەر ئەو مێزانە؟ ئەوانیش وتبویان ئەرەوالله راستیە! ئەویش وتبوی ئەی چۆن خەڵکی

نایفڕێنن! ئەگەر لە ئەمەریکا بوایە هەمویان دەفڕاند! مەڵێن بەهێزی ئاسایشە! من دەستخۆشی لە ئاسایش دەکەم لە ڕێگەگرتن لە هەر تاوانێك، بەڵام ئەگەر ئەو خەڵکە نەك هەمووی لە سەدا یەکیشی پارە بفڕێنێت ئاسایش چەند کەس دەگرێت! لە ئەوروپا ئێستەش کە پارە لە بانکەکاند دەردەهێنیت، دەبێت وەك کەمین سەیری دوای خۆت بکەیت نەوەك پێن کۆدەکەت بدزن، یان بەجۆرێك پارەکەت ببەن، لە کاتێکدا زۆرجار لەوەیە ١٠ پاوەندیش دەربهێنیت.

کەمی متمانە بە دەوروبەر مەترسیەکە حکومەت نکۆڵی لێ ناکات، لە بەریتانیا لە زۆر لە کۆڵانەکاندا نوسراوە شتی بە قیمەت لە سەیارەکەتدا بەجێ مەهێڵە، بە کوردیەکەی یەعنی خوێنی خۆت لە ملی خۆت، دوای گلەی مەکە.

کە کاریگەری ئەمانە هەموی دەبێتە پاڵەپۆستۆ لەسەر دەرون و لەگەڵ قورسی ژیان و زۆر نەهامەتی کە بەرۆکی ژیان دەگرێت، ئەگەر ئیمان نەبێت بەخوا بەرگە گرتنی قورسە.
چۆن قورس نی یە سەیارەیەکی بە قیست هێناوە داماوە، سەیر دەکات شەو دزیان بۆ ئەوەی دەستدرێژی سێکسی بکەنە سەر

کچێك تێیداو دوای ئەوەش لە دۆڵێکەوە خستیانە خوارەوە، ڕاستە بیمە هەیە بەڵام ئەم کەسە لەگەڵ بیمەکەشدا توشی زیان و سەرئێشەیەکی زۆریش بو، بۆ ٥ دەقەی بەدڕەوشتێك، ئەو ئازادە ئەو کارەی کرد بەڵام کەسێکی تری کرد بە قوربانی و کۆیلەی دانەوەی قیستەکان!

ئافرەتەو پیاوەکان درۆیان لەگەڵ کردوەو بوە بە خاوەن دوو منداڵی بێ باوك، شەو ڕۆشتوە بۆ دیسکۆ جەوێك بگۆڕێت و ئێ ئارەزوشی هەیەو سەرخۆشیش بوە، لەگەڵ کەسێکدا ڕۆشتوەتەوەو لەوێ نەك هەر خودی کەسەکە، لەگەڵ ٤ کەسی تردا دەستدرێژیان کردوەتە سەری، کە هۆشی هاتوەتەوە سەر خۆی ئێستە دەزانێت چی بەسەرهاتووە، هەوڵی خۆ کوشتنی دا، جارێك خۆی هەڵواسی منداڵەکانی پێیان زانی و تەلەفۆنیان کرد بۆ پۆلیس، پۆلیس هات، ئێستە منداڵەکانیان لێ وەرگرتووە، چوون ئەم کەسە جێگەی مەترسیە لەبەردەم منداڵەکانیدا ئەم کارە بکات، ئێستە ئافرەتەکە لە بەشی نەخۆشی دەرونیەو دەیانەوێت چارەی بکەن.

دوای ڕۆشتنی ئافرەتەکە لەگەڵ پسپۆڕە دەرونیەکەدا.

عومەر عەلی: گەر کاتت هەیە پێم خۆشە دەمەتەقەیەك بکەین.

تۆنی: بۆ نا منیش پێم خۆشە، چون ئەمە کۆتا مەراجیعم بو ئیتر کارم نی یە.

عومەر عەلی: دەزانیت کە فشار زۆر بۆ مرۆڤەکان دەهێنێت و لە گشت لایەکەوە دەور دەدرێت ئا لەوێدا ئیمان گرنگیەکی ئێجگار گەورەیە هەیە لە هورەدان بەم مرۆڤەو نەمرانی رۆحی، چونکە رۆح دوو گیانی لەبەردایە، دانەیەکی ئەوەی کە لە جەستە دەردەچێت و ئیتر مرۆڤەکە فیزکیەن دەمرێت و دەبێت بیخەیتە قەبر، مردنێکی کە، کە جەستەی دەبێتە قەبرەکەو رۆحەکە تێیدا دەمرێت، ئەم جۆرە مردنە زۆر سامناکە، چون ئەوەی قەبرەکە تەواو مەترسی بۆ چواردەور نەماوە، بەڵام ئەمەیان هەم بۆ خۆشی و هەمیش بۆ چواردەوری جێگەی مەترسیە، نەخۆشخانە نەفسیەکان و زیندانەکان و شێتخانەکان لەم جۆرانەی زۆر تێدایە، هەتا زۆریش هەیە لەماڵەکانی خۆیان و عەجەب هەشە لە شەقامەکان، ئەوانەی کە لە هەرکاتێکدا چاوەڕێی ئەکشنێکی نەخوازراویان لێ دەکرێت، ئیمان گەر بە دروستی هەبێت جگە لە شێتەکان باقیەکی وا لێدەکات نەفسیەتێکی موستەقری پێ ببەخشێت، ئازارەکان قبوڵ بکات و هەردەم بە ئومیدەوە بۆ ئاینده بڕوانێت، چەند موهیمیشە چاوەڕێی پاداشت دەکات لەبەرانبەر ئەو ئازارانەدا، ئاخر ئەمە

زۆر گرنگە چون ئەو ئازارەی کەسەکە هەڵیگرتوە بە نوسین و بە وتنیش ناتوانرێت پڕاوپڕی خۆی پێناسە بکرێت، هەتا وەك قەرەبوش هەرچەند زۆربێت هەر قەرەبو ناکرێتەوە، ئەم ئافرەتە ئەوەتا ژیانی ڕۆی، هەریەك لە منداڵەکانی لە پیاوێك بوەو رۆشتون، کەسیان بەرپرسیاریەتیان هەڵنەگرتوە، دواتر ئەم ئافرەتە پشتی کردوەتە پیاو تەنهایی هەڵبژاردوە لەگەڵ منداڵەکانیدا، بۆ یەك شەو رۆشتوە بۆ دیسکۆ، خەڵەتاندویانە بە سەرخۆشی ٤ پیاوی تر هەتکیان کردوە، دەسدرێژی سێکسیان کردوەتە سەری، دواتر منداڵەکانیشی لەدەستداوە، ئێستە بە هەمو هەوڵێکیەوە دەیەوێت خۆی بکوژێت، تۆش هەر دەڵێی ئومێدت هەبێت و ژیان خۆشە، بەم قسانە ئەم کەسە دڵی ئاو ناخوات، چون بیر دەکاتەوە ئەو بە تەواوەتی سفر بوە، کە رۆشتە دەرەوە دەبێت هەم دیسان کاربکات و لەژێرباری کارکردندا بەبێ مێردو بەبێ منداڵ! زۆر قورسە، ئەزانی ناحەقی نی یە خۆی بکوژێت، بۆیە خۆکوشتن ئەوەندە زۆرە لە ئەوروپا.

دینەکەی ئێمە وەك عەقیدە رێگری کردوە لە خۆکوشتن، بۆ نمونە لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرموێت **(وَلَا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا)** النساء ٢٩. واتە: خۆتان مەکوژن و

(یەکتر بەناحەق مەکوژن، کاتێک بێزاریی و بێتاقەتی ڕووتان تێدەکات یان تووشی زیانێک دەبن)، بەڕاستی خوا میهرەبانە پێتان.

تۆنی: دەتوانیت یەك نوسخە لەو کتێبەم بۆ پەیدا بکەیت بە موتەرجمی ئینگلیزی تا سەیری بکەم، من لە هەرکوێ شتێك بزانم باشە وەك سەرچاوە بۆ کارەکەم بەکاری دەهێنم.

عومەر عەلی: بەڵێ لەناو جامتاکەم نوسخەیەك هەیە، فەرمو.

تۆنی: دوای دەستلێدانی و سەیرکردنی، لاپەڕەیەك، کەوتە سەر ئایەتی **(وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَىٰ دَارِ السَّلَامِ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ)** یونس ٢٥.

واتە: خوای گەورەش بانگەواز دەکات بۆ بەهەشتی پڕ لەشادی و ئاشتی و ئاسایش، هەر کەسێک ئەو زاتە بیەوێت (خۆیشی هەوڵ بدات بۆ بەدەستهێنانی) ڕێنموویی دەکات بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست.

زۆر سەرنج ڕاکێشە، دەمەوێت تۆ ئیتر بڕۆیت وازم لێ بهێنە بۆ خۆم سەیری بکەم.

**دووهەفتەی تر دیسان مەوعیدە یەك دەبینینەوە.**

عومەر عەلی: زۆرباشە کاتێکی خۆش یەکتر دەبینینەوە.

تۆنی: کاتێکی خۆش و سوپاس بۆ ئەم کتێبەی پێتدام.

**دوای دوو هەفتە**

تۆنی: (غەمبارو بێدەنگ).

عومەر عەلی: چی یە بۆ وا غەمبار دیاریت؟

تۆنی: ئافرەتەکە خۆی کوشت! دەستی گەشتبویە کۆمەڵێك حەب و هەموی خواردبو، کاتێك پێیان زانی بو سەیردەکەن لە حەمامەکەدا مردوە!

عومەر عەلی: دەزانیت بە هەزاران کەس خۆی دەکوژێت پێش ئەوەی ئەسڵەن هەواڵەی لای پسپۆڕە دەرونیەکانیش بکرێت، تۆ سەیر ئامارەکانی خۆکوشتن بکە، بزان پێشینەی ڕۆشتنیان هەیە بۆلای پسپۆڕی دەرونی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەتا ئێوەش پێتان چار ناکرێت، هەیە خۆی دەستی دەچێتە خۆی، خۆی دەکوژێت، هەشە دەڕوات بۆ سویسرا لەوێ لە نەخۆشخانە داوا دەکات بیکوژن و ئەوانیش گڵاسێك زەهری تامخۆشی دەدەنێ و یەکسەر خەوی لێ دەکەوێت، ئیتر هەر لە خەودا دڵی دەوەستێت و دەمرێت!

تۆنی: ئەوانە دەزانم، ڕاستە، دەزانیت ئەم ماوەیە بەم کتێبەی کە تۆ پێتدام غەمەکانم پێ دەڕەواندەوە، چون شتی زۆر سەیرو تازەم تێدا دەبینیەوە، لە لایەك باسی یاساو بنەمای یاسایی دەکات، لە لایەك باس لە دونیاو گرنگی دەکات، لە لایەك باس

له ژیانێکی ترو خۆشیەکانی دەکات، له لایەك گرنگی بە تاك دەدات، لە لایەك گرنگی بە کۆمەڵ، لەلایەکی تر باسی زۆر شتی شاراوەی دەرون دەکات! ئەڵبەت زۆر جوانن بەلامەوە بەڵام ئەمانە چۆن پۆلێن دەکرێت؟ من دەمەوێت زیاتر ئەو بەشانەی دەربهێنم کە بۆ کارەکەم سودی هەبێت.

عومەر عەلی: ئەڵبەت دیارە بە وردی سەرنجتان داوەو لەوە تێگەشتون کە ئەو کتێبە گشتگیرانە باس و خواستی هەم بۆ تاك و هەمیش بۆ کۆمەڵگە تێدایە، فعلەن واشە، بەڵام بۆ تێگەشتن بە قوڵی لێی پێویستە زۆر شتی تر بزانن، یان زۆر کتێبی تر بخوێننەوە کە ئەو پۆلێنانەی کردوە.

تۆنی: وەك چ کتێبێك بۆ نمونە؟

عومەر عەلی: بۆ نمونە بۆ باسە یاساییەکان کتێب هەیە بەناوی **(آيات الاحكام)** ئەو ئایەتانەی تێدایە کە باس لە حوکم دەکات، هەرچی بنەمای گرنگ و سەرەکی حوکمڕانی هەیە لەو ئایەتانەدا دەردەهێنرێت، وە یان کتێبی تر هەیە بەناوی **(مقاصد الشريعة)** مەبەست لەم شەریعە چی یە؟ ئەویش هاتوە قورئانی کردوە بە ٥ بەشەوەو مەبەستەکانی لەو پێنجەدا دیاری کردوە، کە دەڵێ: ئیسلام هاتوە بۆ پاراستنی دین، پاراستنی نەفس، پاراستنی ئەقڵ، پاراستی وەچە، وە پاراستنی ماڵ، بۆیە دەبینی

له قورئاندا گرنگی بەلایەنی رۆحی دراوە تا دین پارێزراو بێت، خۆکوشتن حەرامکراوە بۆ پاراستنی نەفس، مەشروباتی سەرخۆشکەر حەرامکراوە بۆ پاراستنی ئەقڵ، زیناو خیانەت حەرامکراوە بۆ پاراستنی منداڵ، دزی و خیانەت و گەندەڵی ریبا حەرامکراوە بۆ پاراستنی ماڵ. وە کتێب هەیە بەناوی **(علوم القرآن)** زانستەکانی قورئان، زاناکان هاتون وردەکاریەکانی ناو قورئانیان باسکردوە تێیدا، بۆ نمونە دەڵێ قورئان لە سەدا ٨٠ی نەگۆڕە، لە سەدا ٢٠ی دەگۆڕێت، ئەو سەدا هەشتا گۆڕینیان پەیوەست نی یە بە پێشکەوتنەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە، بۆ نمونە بونی خوا نەگۆڕە، گەر بیگۆڕیت دەبێتە فرە خوایی کە پشێوی دروست دەکات، دەستپاکی نەگۆڕە، گەر بیگۆڕی دزی و گەندەڵی دروست دەبیت، هەمو نەگۆڕەکان بەو شیوەن، بەڵام باقی لە سەدا ٢٠ەکەی تر پەیوەستە بە پێشکەوتن، وە زۆر شتیش هەیە خوای گەورە هەر باسی نەکردوە، چون بە گرنگی نەزانیوە بۆ باسکردن، وازی لێهێناوە خەڵکی خۆیان ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بدەن، هەتا لە سەر حوکم و حوکمڕانی بنەماکانی دارێژاوە، دواتر دەبێت پەرلەمان، مەجلسی شیوخ، حەل و عەقد، ئیتر هەرناوێکی تری لێ دەنێن

کێشه نی یە، گرنگ دەبێت کەسانی پسپۆڕ هەبن بۆ زەمینه سازکردن و کارپێکردنی.

تۆنی: نەمزانی قورئان ئام شتانەی تێدایه که تۆ باسی دەکەیت، بە تایبەتی ئەم وردەکاریانە! تۆ ئەمانە چۆن گەشتویت پێی؟ ئەسڵەن چۆن بڕوابکەم کە وایە، تۆ چ پسپۆڕیەکت هەیە؟

عومەر عەلی: من سێ بڕوانامەم هەیە لەبواری ئاینیدا، بڕوانامەی لیسانس لە شەریعەو قانوندا، دیبلۆم لە دیراساتی ئیسلامیدا، بڕوانامەی ئیمامەت و هونەری وتاری بێژی، لەگەڵ ئەوەشدا بەقەدەر ٣٠ بڕوانامە دیراسەی شەخسیم کردوەو زیاتر لە ٣٠ کتێب و نامیلەکم لەسەر نوسیوە، سەدان بابەتم لە گۆڤارو رۆژنامەو وێب سایت و جێگەی جیاواز بڵاوکردوەتەوە.

تۆنی: من ئەم کتێبە دەکەم بە یەکەم سەرچاوەو وە پشتی پێ دەبەستم.

عومەر عەلی: ئەم کتێبە ناوی تایبەتی خۆی هەیە، بەناوەکەی خۆیەوە ناوی ببە، ناوی قورئانە ە، ئەڵبەتی ناوی تریشی زۆرە بۆ نمونە: الفرقان- الكتاب- النور- التنزيل- الكلام- الحديث- الموعظة- الهادي- الحق- البيان- المنير- الشفاء- العظيم- الكريم- المجيد- العزيز- النعمة- الرحمة- الروح- الحبل-

القصص- المهيمن- الحكم- الذّكر- السراج- البشير- النذير- التبيان- العدل- المنادي- الشافي- الذكرى- الحكيم.

بەڵام قورئان ناوی سەرەکیەتی.

تۆنی: دەبێت زۆر گەورەبێت وا ئەو هەمو ناوە لە خۆ دەگرێت.

عومەر عەلی: بێگومان لەوە گەورەترە کە ئێمە ئاوا بەسادە باسی بکەین.

**لە پاش ٣ مانگ یەکمان دیەوە بۆ کارێکی تر**

تۆنی: دیراسەی قورئانم زۆرکرد لەم ماوەیەدا، بۆم دەرکەوت من نەخۆشم، چ وای لێکردم ئەمە بڵێم! تۆ تەنها وەرە با پێکەوە سەیری ئەم سورەتە بکەین، کە نوسراوە سورەتی الرحمن، (وەرەقەیەکی خستبوە بەینی لاپەڕەکەو هەندێك تێبینی لەسەر نوسرابو) یەکەم ئایەت هەر کە خوێندمەوە رایچەڵەکاندم، کە بە سۆزو رەحمەت دەستپێدەکات **(ٱلرَّحۡمَٰنُ)** دوهەم ئایەت سەرنجی راکێشام بۆ قورئان **(عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ)** کە هی ئەو کەسە بە رەحمەیە، سێهەم ئایەت بیری پێکردمەوە کە من کێ دروستی کردوم **(خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ)** چوارهەم ئایەت بیری فراوانکردم کە فێری قسەشی کردوین **(عَلَّمَهُ ٱلۡبَيَانَ)** پێنجەم ئایەت زهنی بردم

بۆ کەون خۆرو مانگ (**ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ**) شەشەم ئایەت زیاتر قوڵی کردمەوە کە باسی مانگ و دارو درەختی دەکرد کە ئەوانیش دروستکراوی خوان و خوا دەپەرستن (**وَٱلنَّجۡمُ وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ**) حەوتەم ئایەت بردمی بۆ ئاسمان و دایبەزاندم بۆ دادگەری سەر زەوی (**وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ**) هەشتەم ئایەت چەند جوان بو بەلامەوە دوای بیرپێکردنەوەم لەو هەمو دروستکراوەو بیرفراوانکردم ئەوسا هاتە سەر عەدالەتی سەر زەوی (**أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ**) نۆهەم ئایەت زیاتر وردەکاری ئەو عەدالەتەی تێدا رونکردەوە (**وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ وَلَا تُخۡسِرُواْ ٱلۡمِيزَانَ**) دەیەم ئایەت خستیە بیرم کە زەمینەی بۆ سازاندوین لەسەر ئەم زەویە (**وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ**) یانزەهەم ئایەت نیشانی دام هەر زەویەکە نی یە! بە روتی.. بەڵکو پێداویستیەکانیشی تێدایە (**فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَٱلنَّخۡلُ ذَاتُ ٱلۡأَكۡمَامِ**) ئێ بیرم کردنەوە راستە خۆ ئێمە دەیچێنین بەڵام کێ دەری دەهێنێت و بەم شێوەی لێ دەکات، ئایەتی دوانزەهەم باسی زیاتری ئەو پێداویستیانەی کرد (**وَٱلۡحَبُّ ذُو ٱلۡعَصۡفِ وَٱلرَّيۡحَانُ**) کە دەستمکرد بە خوێندنەوەی ئەم سورەتە تا ئایەتی دوانزە زیاتر لە ٦ کاتژمێر بیرم لێ دەکردەوە، هەر یەکەم ئایەت کە بە رەحم دەستی پێکرد، دواتر

قوڵبونەوە بۆ گرنگی ئەم قورئانە کە هی ئەم کەسە بە رەحمەیە، دواتر دروستکراوەکانی و نیعمەتەکانی منی برد بۆ دونیایەکی تر، لە دوای ئەوە گەشتم بەم ئایەتە **(فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ)** (دەستی بە گریان کرد، تۆزێك ئاوم پێدا، لەگەڵ کلێنسێك) ئەم ئایەتە ناخی بە تەواوی هەژاندنم، چون ئەو دوانزە ئایەتەی پێش ئەمە تەواوی دونیاو دروستکراوەکان و گرنگی و زەمینەی سازی بۆ ئێمەو داوای عەدالەت و یاسا، ئەوسا دەڵێ ئیتر بەچی لەم نیعمەتانە باوەڕ ناکەیت؟ من نەمتوانی باوەڕ نەکەم، چون ئەوانە رونە کە خالقێکی هەیە، دیاریشە ئەم وشانە وشەی مرۆڤ نی یە، چون مرۆڤ باسی شتەکانی خۆی دەکات، ئەوەی خۆی دروستی دەکات خۆی پێدا هەڵدەدات و تەکنەلۆژیاو تەیارەو سەیارە، بەڵام کەس نایەت بڵێ وەرە سەری ئەو ئاسمانە بکە دواتر دابەزێت بۆ بیرجوڵانمان بۆلای کەون و دروستکردنی و دواتر عەدالەت پەیڕەوکردن تێیدا، گومانم نی یە مرۆڤ وا ناڵێت، هەرکەس لە دونیا ریکلام بۆ فکرو ئایدۆلۆژیاو بەرهەمەکانی خۆی دەکات، دوای ئەو ئایەتەشە، حەتمەن تۆ سەرنجت داوە چون تۆ ئەم قورئانەت بەمن دا کە ٣١ جار **(فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ)** ئەو ئایەتەی تێدا دوبارە کردوەتەوە، لە هەموشیا پێشتر سەرنجت بۆلای

شتێکی گەورە رادەکێشێت، ئەوانەی نەخۆشن کە دێن بۆلام چەند جارێك دوبارەی بکەمەوە بۆیان و تێنەگەن و بە قسەم نەکەن دواتر لە دڵی خۆمدا دەڵێم بەخوا هەر بۆ مردن باشیت، تۆ قسە کارت تێناکات، کەچی لەم سورەتەدا ٣١ بۆ منی دوبارە کردەوە، هەمو جارەکانیش شتی گرنگی پێ دەوتم! ئەوسا دەیگوت بەچی باوەڕناکەیت، من ناتوانم باوەڕ بەم قورئانە نەکەم، زۆر شتی تریش بەم شێوە سەرنجی راکێشاوم، بەڵام ئەم سورەتە منی کرد بە مرۆڤێکی تر، بەڵام پێوستم ئێستە زیاترە بەو کەسەی ئەم قورئانەی هێناوە، دەبێت لە ژیانی ئەویش بکۆڵمەوە، تا بتوانم بڕیاری خۆم بدەم.

**دوای ٥ مانگەکە**

عومەر عەلی: باش بو فرسەتی یەکتر بینینمان دیسان بۆ رەخسایەوە، ئەم ماوەیە منیش زۆر سەرقاڵ بوم بە نوسین و کاری تایبەتیەوە، کەمتر کارم وەردەگرت، چەندین کەیسی دادگاو پۆلیس و موخەدەراتم رەد دەکردەوە، زیاتر حەزم لەم کەیسە کۆمەڵایەتیانەیە.

تۆنی: راستە، ئێمە بەدەست هەمویەوە ماندوبوین، باسی نوسینت کرد لە چ بوارێکدا دەنوسیت؟

عومەر عەلی: شیعارێکم هەیە بۆ نوسینەکانم بەناوی، رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی، زانست و ئیمان. کە کردومە بە پەیام، پەیام، بەناوی قیبلە، هەرجارەو پەیامێك، کۆی هەموی دەبێتە پەیامەکانی قیبلە.

تۆنی: بۆ نمونە یەکێك لەو پەیامانەی کە بزانیت بۆ من سودی هەبێت و بە کورتی باسی بکەیت بۆم چی یە؟

عومەر عەلی: ئەڵبەت زۆرە، یەکێك لەوانە بەناوی پەیامی دڵ نەرمی، تۆ سەیربکە ئەم مرۆڤە بریتیە لە جەستە، رۆح، نەفس، عەقڵ، دڵ، هەرچی فەلسەفەی دونیایی هەیە نەیتوانیوە بەو شێوە پارسەنگە باس لە مرۆڤ و پێکهاتەکانی بکات و وە گرنگی کارەکانی و بەئاگابون لێی، هەتا لەو پەیامەدا من پێناسەی ئەو پێکهاتانەم نەکردوە، بەڵکو گرنگی ئیشەکانیم خستوەتەرو، گەر ئەو پارسەنگیە لاربو، ئیتر لە بواری فەلسەفیدا بێت یان هەر ناوێکی تر، ئەوسا ئەم مرۆڤە بەشێوەیەك لار دەبێت تا مردن هەر بەلاری دەڕوات.

تۆنی: بۆ نمونە تۆ فەلسەفە دونیاییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

عومەر عەلی: ئەوەی من دەیبینم لەبەرانبەر فەلسەفەی ئیسلامیدا هیچ نین، چون تەنها نەزەریەن بیری مرۆڤ پەرش

و بڵاو دەکەن و لە کۆتایشد بەدیلی نادەنێ! وە هەتا خۆشیان پێچەوانەی فەلسەفەکەی خۆشیانن.

تۆنی: چۆن پێچەوانە دەبنەوە؟

عومەر عەلی: بۆ نمونە من هاوڕێم زۆر هەبوە لە زانکۆ لە قسمی فەلسەفە، وە هاتا مامۆستاکانیشیان بەردەوام حیوارمان دەکرد، ئەوان هەرچی شتە دەیانگێڕایەوە بۆ ئەقڵ، ژیری، ئیتر سەری زوبانیان و بنی زوبانیان هەر ژیری ژیری بو، منیش وە نەبێت دژی ژیری بم، بەڵام گەر لایەنەکانی ترت پشتگوێخست ئەوسا ژیری بە تەنها چارەی کێشەکان ناکات، هەر بۆ نمونە رۆژێك لەگەڵ یەکێك لەو فەلسەفە خوازانە بە چەند نمونەیەکی سادە وەستاندم لەسەر باسی ژیریدا، وتم پێی باشە؟ جگەرە کێشان خراپە یان چاکە؟ لە روی ژیریەوە؟ دکتۆرەکان چی دەربارە دەڵێن، وەزارەتی تەندروستی بەریتانیا ڕێنوماییەکانی چی یە بۆ ئەم کارە، لەسەر پاکەتەکان چ نوسراوە؟ ئەویش وتی بێگومان خراپەو جێگەی نیقاش نی یە، ژیری وامان پێ دەڵێت! منیش وتم دەی باشە بۆ تۆ جگەرە دەکێشیت! ئیتر وەستا لەوێدا، چون ژیری بە تەنها چارەی کێشەکان ناکات! لە ئیسلامدا گرنگی زۆر بە دڵ دراوە، دڵ مەرکەزی قەرارە، بەڵام ژیری گرنگی خۆی هەیە لە

هەڵسەنگاندن و بەدواداچون و کارکردندا، بۆیە گرنگە ژیری رۆشنبیر بکەین بە قورئان.

تۆنی: هیلاك بوم لەسەر باسی فەلسەفی و گەر وەك جاران بچمە ناو نیقاشەوە کاتەکەمان هەموی دەڕوات و کۆتاش لەبری وەڵامی پرسیار سەد گومانی تر دروست دەبێت، وازی لێ بهێنە! من ئێستە هەست دەکەم دڵم هەیەو دڵم دەڵێ واز لەم شتانە بهێنە، بپرسە بزان چیم کرد ئەم ماوەیە؟

عومەر عەلی: ئەڵبەت زۆر مەبەستمە، گوێ دەگرم فەرمو.

تۆنی: بەبیرمدا هات لەبری ئەوەی بەدوای ژیانی محمد بکەوم، سەیری وتەو کردارەکانی بکەم، ئەوەندە شتم بێنی بۆم دەرکەوت ئەو پیاوە ئەوەندە گەورەیە لەوە گەورەتر کە بیری لێ بکرێتەوە، تا دواتر لە لیستی سەرەوەی کەسایەتیە جیهانیەکانیشدا بینیم، هێشتا هەر لەو گەڕانانەدابوم لە قورئانیشدا ئایەتێکم دۆزیەوە شاهیدی بۆ دەدا، ئیتر هیچ گومانم لەسەری نەما.

عومەر عەلی: کەواتە تۆ ئێستە چی رێگرە لەوەی مسوڵمان بونی خۆت بشاریتەوە، چون ئەو بڕوابونە مسوڵمان بونە نا راستەوخۆ.

تۆنی: حەزدەکەم شتێکت پێ بڵێم، تۆ ٣ حەفتە پێش ئێستە لە چ مزگەوتێك نوێژی جومعەت کرد؟

عومەر عەلی: ئەو پرسیارە چ پەیوەندی بە پرسیارەکەی منەوە هەیە!

تۆنی: هەیەتی، چون من تۆم لە مزگەوت دی! پێم خۆش بو قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام دوای نوێژەکە بەهۆی قەرەباڵغیەوە ون بویت لێم.

عومەر عەلی: کەواتە پێویستە من شیرینت پێ بدەم ئێستەو دڵخۆش بم لەوەی مسوڵمان بویت.

تۆنی: حەقی منە شیرینی بە تۆ بدەم، ٤ هەفتەیە بە ئاسودەیی دەنوم، لەگەڵ ئەوەشدا خۆم پسپۆڕی دەرونیم حەبم دەخوارد بۆ ئەوەی شەوان خەوم لێ بکەوێت، بەڵام ئێسە دەزانم فعلەن من کێم، وە بۆ کوێ دەچم.

عومەر عەلی: هیوادارم لە ئیشەکەت بەردەوا بیت و ئیمان بکەیت بە هەوێن بۆ چارەسەری نەخۆشیەکان.

تۆنی: بێگومان بە هەروادەکەم، چارەی منی کرد حەتمەن چارەی کەسانی تریش دەکات.

## گفتوگۆیەکی کورت و مسوڵمان بوونی پۆڵەندیەك.

کاکە بەهادینی قەومم تەلەفۆنی کرد وتی: کوڕێکی پۆڵەندی لەگەڵم ئیش دەکات و زۆرجار باسی دین ئەکەین، پرسیاری زۆرم لێ دەکات منیش پێم وتووە نازانم، بەڵام دەتبەم بۆلای کەسێك بە جوانی تێتبگەیەنێت، منیش وتم: ئەی یاخوا بەخێربێن پێڵاوتان ئەخەمە بانی سەرم.

هاتن و دانیشتین و کەوتینە قسە، وتی ئادەی قسەی بۆ بکە، منیش وتم مای فرێند گیان تۆ لەسەر چ دینێکی و چی لێ دەزانیت و بۆ دڵت ئاوی نەخواردووە لەسەری.

وتی: من بەناو مەسیحم بەڵام ئەوەی تا ئێستە پێیان وتووم و دەزانم لەگەڵ ئەقڵمدا ناگونجێت، چوون ئەوان هەم باسی یەك خوای و هەمیش باسی سێ خوایم بۆ دەکەن! تا ئێستەش لام روون نی یە خوای حەقیقی کامەیەو من چی بکەم. لەلایەکی تریشەوە ئەم هەموو دینە ئەبینم و هەریەکەو شتێ دەڵێ سەرم لێ شێواوە!

وتم جا گوێ لەبرای خۆت بگرە تا بیکەمە کاکڵەیەك گوێزو بیخەمە مشتت، وتی بڵێ:

وتم: کاکە گیان خوا جارێ هەر یەکەو نابێت بە دوو ئەویش الله یە، هەرچی دین هەیە لەسەر ئەرزداد دەکرێت بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لە بنەڕەتدا دین نین! بەڵام کراون بە دین، فکرەیەکی چاکسازی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئیتر لەو جۆرانە بووە، بەڵام لە دوای نەمانی کەسەکە وردە وردە گەورەیان کردووەو پیرۆزیان کردووەو ئێستە ناویان ناوە دین، جا ئەمانە شتی باشیان زۆرەو وە ئیشی باشیشیان کردووە لە کاتی خۆیدا، بەڵام وەك دین سەیری بکەین دین نی یەو هەمووی بخە ئەولاوە، چوون دەستکردی خەڵکە، ئەوە نەجاتمان بوو لەو نەوعانە، بزەیەکی کرد، وەك بڵێی لە نیوەی نەجاتم بوو.

بەشی دووهەمیشی ئەو دینانەیە کە لە ئاسمانەوە هاتووەو بە ئادەم دەستی پێ کردووەو بە محمد درودی خوای لەسەر بێت کۆتایی پێ هاتووە، هەندێك باسی عیسام بۆ کرد سەلامی خوای لێ بێت و لەگەڵ دایکی مەریەم، کە ئێمە خۆشمان دەوێت و هەموومان لە بنەچەدا یەکین و ئاخر پەیام ئەم قورئانەیە. رووی گەش دەبوویەوە وەك بڵێی فکری جەم بوو، وتی: باشە ئەگەر من ئێستە بمەوێت مسوڵمان بم، چۆن چۆنین قبوڵم ئەکەن؟من

چی بکەم؟ کەسی حەقانی دەبێت وا بێت، چاوەڕێ بوو دائیرە بە دائیرە بکات بە عەریزەوە هەر بۆ ئەوەی قبوڵی بکەن، وتم نا ئاسانەو شەهادەتم بۆ روونکردنەوەو مسوڵمان بوو، ئەوە ١٠ ساڵی بەسەردا رۆشتووە، لە رێگەی کاك بەهادینەوە هەواڵی دەزانم دەڵێ کوڕێکی تا بڵێی چاك و بێدەنگە لەسەر ئیسلامەتیەکەشی بەردەوامە.

**جەزیرەی ئارگۆزو مسوڵمان بوونی یوغسلافیەك.**

لە ساحەی کرێکاریدا وەستابووم، خوا خوام بوو بۆ رزقێکی حەڵاڵ، کات درەنگی کردبوو لەوەدابووم بێ ئەمەل ببم و بگەڕێمەوە بۆ جێگەی مانەوە، کابرایەك بە پیکابێکەوە بەلامدا تێپەڕی و دواتر وەستا، رۆشتم بە پێریەوەو ملم بردە ناوا لە جامی سەکنەوەو کەوتینە قسە، وتی ئیش دەکەیت؟ وتم ئیشەکەت چی یە، لە دڵی خۆمدا وتم نەوەك حەرام بێت با پێش ئەوەی بچم بزانم، وتی پرتەقاڵ رنینە، وتم بەڵێ دەیکەم و کێشەم نی یە، وتی دوو کرێکاری ترم دەوێت، وتم بوەستە ئەوەندەم پێ ناچێت دێمەوە، رۆشتمە ساحەکە دوو کوردم بانگ کردو سێ قۆڵی رۆشتین،کابرا لەسەر مەزرەعەکە داینابن و رۆشت، وتی نانیشتان بۆ دەهێنم، منیش وتم گراسی و شەراب

و ئەو شتانەمان بۆ نەهێنی ئێمە مسوڵمانین و ئەو شتانە ناخۆین، وتی باش، کابرا رۆشت و وتم بە برادەرەکانم با ئیشێکی چاك و پیاوانە بکەین بۆ ئەم کابرا، چوون خۆشمان پێی ناساندووە کە ئێمە مسوڵمانین، با نەڵێن مسوڵمان تەمەڵ و ئیشنەکەرو فێڵبازن، ئەوانیش دوو گەنج بوون، کەلاریەك و هەڵەبجەییەك، هێشتا تەواو خۆر ئاوا نەببو رێژەی ئەو سندوقانەی کە ڕنیمان گەشتە ٢٧٠ سندوق پرتەقاڵ، باریشمان کرد، کابرا ژماردی زۆر حەپەسا، وتی ئێوە چ جۆرە مرۆڤێکن، ئەمە ئەقڵ نایبڕێت، رۆژانەکەمان ٥ هەزار دراخما بوو، یەکی ٩ هەزاری پێداین، کابرا بە منی وت ئیتر تۆ لەگەڵ من بە، ژمارەمان گۆڕیەوە، وتی هەرکات هەرچەند کرێکارم ویست بە تۆ دەڵێم بۆمی بهێنە، وتم زۆرباشەو هیچ کێشەم نی یە، ئیتر هەروا رۆژی وا هەبوو ٥ تا ١٠ کرێکاری پێویست دەبوو، ئێمەش پیاوانە ئیشی خۆمانمان دەکرد، خوای گەورە هەموو ئەو کەسانەی مۆفەق کردبێت لە ئەورووپا، رێزیان دەگرتم و کەسێکیشی تیابوایە حەزی لە شەراب و حەرام بکردایە نەیدەخوارد لەگەڵ ئێمەداو لە قسەم دەرنەدەچوون، نازانم بۆ وابوو ئەو جەزیرە کە دەهاتن بڵێن چی دەخۆن بۆ نیوەڕۆ یەکسەر ناوی شەرابیان دەهێنا، شەرابەکە خۆیانیش لە ماڵەوە

دروستیان دەكرد، منیش هەر دەچومە هەركویێ، یەكەم رۆژ ئەوەم دەبڕاندەوە، دەمگوت پرسیاری شەراب هەر مەكە ئەسڵەن، كابرا جێگەیەكی زۆر شایستەی پێدام و پاك و پخت و كەوتمە گەڵ پیاوێكی بە تەمەن خەڵكی یوغسلافیا، یەكەم رۆژ بینی نوێژ دەكەم، زاق سەیری دەكردم و بەلایەوە عەجیب بوو، یەك دوجاریش بانگی كردم فیلە فیلە، یانی هاوڕێ، من جوابم نەداوە تا سەلامم دایەوە، دواتر بۆم شەرح كرد كە مەوزوعەكە چی یە، ئیتر مەوزوعی دین بوو بە دەمەتەقەی سەرەكیمان هەموو رۆژێك، یۆنانیەكەم تا رادەیەك باش بوو دەمتوانی تێی بگەیەنم، چوون كاتیشمان هەبوو دوو بە دوو بووین، ئیتر زیاتر دڵمان بۆ یەك دەكردەوە، رۆژێك بە كابرام وتم خۆ ئەم خانوە زۆر گەورەیە بۆ رێگەم نادەیت هاوڕێیەكی خۆم بهێنم لێرە لەگەڵماندا بمێنێتەوە، بۆ تۆش باشە ئیتر ئێمە هەركات ویستت یەكسەر بە دەمتەوەین، خۆشی دەویستم دیاربوو، وتی باشە بیهێنە، دایكی توڕە بوو وتی ئەمانە بە جزمەی قوڕاویەوە دێنەوەو بەتانیەكان پیس دەكەن با نەیەت، وتم دایكی دایكەكەم خەمت نەبێت ئێمە مسوڵمانین هەتا پێكانیشمان دەشۆین، چوون نوێژ دەكەین، ئیتر بێدەنگ بوو، جێگەیەك هەبوو كوردەكان لەوێ مانگی ١٠ هەزار دراخمایان دەدا بۆ مانەوە تێیدا خۆشم

پێشتر لەوێ بووم، جا زۆر ناخۆش بوو پیس و پۆخڵ، هەر ژورێك چەند قەرەوێڵەیەکی ٣ قاتی تێدا بوو، تەقریبەن زیاتر لە سجن دەچوو، گەنجی خۆشمان هەریەکەو لە بەزمێ ئەیخوێند، یەکێ گوێی لە گۆرانی دەگرت، یەکێ نیو قوتوو جیلَی دەدا لە قژی لەناو ئەو هەرایەدا دەتگوت بۆ شای دەچێت، یەکێ لەگەڵ ماڵدا قسەی دەکرد بە هێزو قوەتی خۆی دەیقیڕاند، چوون موبایلمان بەکار نەهێنابوو وامان دەزانی بە هێزی قیڕاندن دەنگەکە دەگات، یەکێ چەپڵەی لێ دەداو فوڵ جەو دیاربوو خواردبوویەوە، یەکێ دەگریا بۆ دایك و باوکی بیری دەکردەوە، ئیتر بە کورتیەکەی فلیمێك بوو تا ئێستە کەس نەیدیوە، هاوڕێیەکم لەوێ بوو، کاك تاریق مەحمود پیاوێکی فرە خاس، هەم کەڵکی دونیا هەمیش هی قیامەت ئەخوات، وتم شتێ وا، وتی کورە واللە زۆر مەمنون دەبم خۆ مێشکم کەوت لەناو ئەمانەدا، ئیتر لەوێ شەوانە بووین بە ٣ قۆڵی، کاك تاریق هەروا باسی ئیسلامی دەکرد بۆ کابرا، ئەرکانەکانی ئیمانی بۆ شەرحکردو منیش یارمەتیم دەدا بۆ ئەوەی باشتر تێ بگەیەت، وتی ئەمانە زۆر باشەو قبوڵمە، هەر شەشەکەی، شاهادەتمان پێ هێنا، ئیتر وتمان کاکە شتی تر ماوە ئەرکانەکانی ئیسلام، باسی ئەویشمان بۆ کرد، وتی ئەمانەش زۆر باشە، نوێژەکە

ئەوەتە ئێوەم دیوە دەیکەن منیش دەست پێ دەکەم، زەکاتیش ئەوە ئەگەر پارەت هەبێت دەیدەت نەتبێ نایدەیت ئەوەش هەر زۆر باشە، حەجیش لە هەموو تەمەن یەکجارە ئەوەش کێشەم نی یە، بەڵام رۆژووەکە چۆن دەبێت هەر هیچ نەخۆێت، ئێمە لەسەر دینەکەی خۆمان هەر بەرازمان نەدەخوارد، ئێمەش وتمان کاکە بەراز لای ئێمە هەر نابێت بیخۆیت رەمەزان بێت و رەمەزان نەبێت، رۆژووەکەیش ئیتر وایە نامریت خەمت نەبێت، ئەوە نی یە ئێمە ماوین، ئیتر فەقیرە هەر رەمەزانەکەی لا قورس بوو، برادەرێك گێڕایەوە کە کوردێکی خۆمان تازە دەستی بە نوێژ کردبوو کە نزیکی رەمەزان بوو بوو، کە رەمەزان هاتبوو زۆر پەرێشان ببو، رۆژێك کابرایەك گەشتبوو پێی کە لە نیوەی رەمەزاندا، وتبووی ئەرە کاکە بۆ ئاوا کزیت و بێ تاقەتیت خۆ رەمەزان ئەوە خەریکە تەواو دەبێت، ئەویش وتبووی کورە بەخوا خەمی ئەم رەمەزانەم نی یە، چوون ئەمە تازە بووە بە ریشمەوەو هەر دەبێت بیگرم، خەمی رەمەزانەکەی ترمە.

ئێستە لەم ئەوروپا دەبینم سبحان الله وەك رۆژووەکەی خۆمان دکتۆرو سیاسی و پرۆفیشناڵ و موسەقەفەکانیان هەر وەك سستمی سەحی و خۆلاوازکردن رۆژوو پەیڕەو دەکەن.

**بەندەو (بێ دینێك) لە قاوەخانەی کەلتوری سلێمانی.**

لەگەڵ مامۆستا عبدالرحمن محمد عارف کۆڕێکی هاوبەشمانگرت لە قاوەخانەی کەلتوری سلێمانی، دوای چەند رۆژێك پەیوەندیەکم بۆ هات و کەسێك خۆی ناساند بە (بێ دین) وتی: رۆژی کۆڕەکە دام بەلاتاندا، بەڵام دانەنیشتم، دواتر لە یوتیوب سەیرم کرد، ئێستە پێم خۆشە دیبەتێك رێك بخەین لە نیوان من و تۆداو ئیعلامیش بانگ دەکەین، وتم: کاکە برا گیان بۆ شتێ تر نەکەین؟ وتی: فەرموو؟ وتم: دوو بە دوو دادەنیشین و پێکەوە قاوەیەك ئەخۆین و حەز دەکەیت دەعوەتی منیش بە لە باشترین چێشتخانەی سلێمانی، با یەك کەسیش نەزانێت و بە هێمنی هەموو قسەیەکی خۆمان دەکەین، وتم: ئەوە نی یە سیاسیەکانیش ژێر بە ژێر هەموو شتەکان ئەبڕێننەوەو دواتر لەبەردەم مایکەکاندا پێدەکەنن، جا ئەگەر هەرکاممان دامان لەوەکەی تر با هەر کەس نەزانێت و حەیاشمان نەچێت، چونکە پیاو ئیعلامی بینی زۆرجار فوی تێدەبێت و ئیتر هەر لە خۆیەوە بۆ ئەوەی نەڵێن دۆڕاوە هەزار قسەی هەلەق و مەلەق و بێ بنەما دەکات، ئەگەر هەڵنەسنە گیانی یەکتریش و خەسارێکیش نەدەن، وتی قبوڵمە.

مەوعید دانراو گەشتین بە یەك، دوو قاوەو هەندێك شیرینیمان بانگ کرد بەدەم خواردنەوەوە هەندێك پرسیاری شەخسیمان لەیەك کردو ئاشنای سیڤی یەکتری بووین، دواتر وتی: دەستپێدەکەین بەڵام با لە سوچێکدا بین و زۆر هێمن بێت، وتم هەر فرە نایابەو ئەمەم پێ خۆشە دەڵێی لە دڵی مندایت.

وتم: فەرموو هەرچیت هەیە بیڵێ، وتی: کاکە ئیسلام هەر دین نی یەو محمد نەخوێندەوار بووەو هیچی نەزانیوە!

وتم: بوەستە! تۆ باسی ئیسلامم بۆ مەکە، چوون تۆ خاوەنی ئیسلام نیت و شارەزایت لەسەری نی یە، مەگەر سیڤیەکەی خۆت لەبیرچوو ئێستە پێت وتم، ئەوەیان وازلێ بهێنە بۆ من!

حەپەساو وتی: ئەی باسی چی بکەم؟ وتم باسی دینی خۆت، یان فکری خۆت، یان هەر پرۆژەیەکی تری خۆت کە لە ئیسلام بە گرنگترت زانیوەو وازت لە ئیسلام هێناوە بۆی؟

وەستا کەمێك و وتی: من هیچم نی یە بێ دینم!، وتم باشە کەسێی ژیرو ئاقڵ لە شتێك واز بهێنێت بۆ چاکتر واز دەهێنێت نەك بۆ هیچ! بۆ نمونە من ئیشم دەکرد لە کارگەی نەجاڕی لام ناخۆش بوو تۆز دەڕۆشت بەسەرولوتما، دواتر کارگەیەکی سەمونم دۆزیەوەو خۆشترو گەرم و گوڕتر بوو رۆشتم بۆ ئەوێ، دواتر وردە وردە تا ئێستە مامۆستای زانکۆم، ئێستەش

ئیشێکی باشترو خۆشترم دەست کەوێت واز لە زانکۆکەش دەهێنم، نمونەی ترت بۆ بڵێم، لە خانوی کرێدابووم دواتر خانوی خۆم دروستکردو وازم لە کرێ هێنا ئێستەش تموحی زیاتریشم هەیە، باشترم دەست کەوێ لەوە واز لەوەکە دەهێنم، بەڵام مەعقولە من واز لە خانوەکە بهێنم و هیچم نەبێت هەروا بڕۆمە ئەو دەرەوەو باران و سەرماو گەرما لێم بدات، وتی نەواللە! وتی دەی باشە ئێستە تۆ ڕۆشتوویتەتە دەرەوەو هیچیشت نی یە، چۆن واز لە دینێکی گەورەی وەك ئیسلام دەهێنێت بۆ هیچ!

جا کە قسەم بۆ دەکرد بە هێمنی زمانی جەستەشم لەگەڵیدا زۆر بەکار دەهێنا جا لە بەینەل قەوسەینێکدا با ئەوە بڵێم (سودم زۆر لە دکتۆر محمد بازیانی وەرگرتووە کە لەگەڵیدا دانیشتووم دوو بەدوو، باس و خواستی بۆ دەکردم جوڵەکانی زۆر دەیجوڵاندم، ڕێزم هەیە بۆی و خۆشم دەوێت).

وای لێهات ئاگام لێبوو حەزی دەکرد گوێ بگرێت و قسەی نەمابوو، وەك چۆن پێشکەشکارێك کە موقابەلەی کەسێك دەکات و کەسەکە زۆرجار دەوەستێت، جا ئەوکات پێشکەشکارەکە بۆ ئەوەی بەرنامەکە فەشەل نەهێنێت بیرۆکەی

تر دەهێنێتە ناو بەرنامەکەوە بۆ ئەوەی بە سەرکەوتووی تەواو ببێت.

وتم ئێستە تۆ گوێ لە من بگرە تا بە پوختی باسی ئیسلامت بۆ بکەم!

وتی گوێ دەگرم فەرموو.

وتم، ئیسلام هاتووە بۆ پاراستنی پێنج ئامانجی سەرەکی کە هەموو ئایەتەکانی قورئان لە دەوری ئەو ٥ ئامانجە دەسوڕێتەوە، هاتووە بۆ: پاراستنی دین، نەفس، عەقڵ، وەچە، ماڵ.

هەموو پێداویستیەکانی مرۆڤیش لەو ٥ ئامانجە بەدەر نی یە، دین فەراغە رۆحیەکانت بۆ پڕ دەکاتەوە بە عیبادەت و نوێژو رۆژو تا دوایی، جەستەت پارێزراو دبێت هەر لە حەرامی خۆ کوشتنەوە بیگرە تا یاساکانی جەنگ، ژیریت پارێزراو بێت هەربۆیە گشت مەشروبات و کحولیات حەرام کراوە، وەچەکان پارێزراو بێت هەربۆیە زیناو خیانەت حەرامەو زەواجی شەرعی و قانونی دەبێت بکرێت، وە ماڵ پارێزراو بێت هەربۆیە دزی و خیانەت و گەندەڵی بە هەموو شێوەکانیەوە حەرامە تا دەگاتە ریبا، ئەڵبەت بە شیکردنەوەی وردەوە، ئیتر تۆ چیت دەوێت؟

وتی لەسەری دەخوێنمەوەو بیری لێ دەکەمەوە، وتم زۆرم پێ خۆشە هەم بخوێنیتەوە هەمیش بیربکەیتەوە، هەستاین و بەزۆر وتی: بەخوا من پارەکەی دەدەم، وتم باشە تۆ بیدە با سوێندەکەت نەکەوێت و ٣ رۆژ رۆژوو قەرزار نەبیت، پێکەنی وتی: بێقەزابێت هێشتا ماومە ٣ رۆژ رۆژوو قەرزارم مەکەن، وتم هیچت نەماوەو پیرۆزت بێت، وتی: باشە سوێند بخۆ کە ناوم نەبەیت ئەم دانیشتنەمان پێکەوە کردووە، وتم سوێند ناخۆم و ناویشت هەرگیز نابەم تا مردن.

ئێستە کەسێکە لەوانەی بە هێمنی خەڵك بانگ دەکات بۆ سەر ئیسلام، چوون خۆشی سودی لە هێمنی وەرگرتووە.

ئێستە نامەم بۆ دەنێرێت دەڵێم: محمد چی یە؟ دەڵێ؟ صلى الله عليه وسلم.

**گفتوگۆی بەندەو گەنجێك لە ئەمەریكاوە.**

گەنجەكە: سڵاو دكتۆر گیان.

عومەر عەلی: وعلیكم السلام برا گیان فەرموو؟

گەنجەكە: من حەز دەكەم بگەڕێمەوە بۆ سەر ئیسلام بەڵام دڵم وەری ناگرێت!

عومەر عەلی: تۆ چ تەلەفۆنێك بەكار دەهێنیت؟

گەنجەكە: ئایفۆن دكتۆر گیان.

عومەر عەلی: میمۆریەكەی چەند گیگابایدە؟

گەنجەگە: ٣٢ گیگایە.

عومەر عەلی: باشە موبایلەكەت فول ببێت و بەرنامەیەكی باش ببینیت و بتەوێت دایبەزێنیت چ روو دەدات؟

گەنجەكە: قبوڵی ناكات دكتۆر گیان دەبێت لەوانەی كە خەزنە بیسڕمەوە.

عومەر عەلی: باشە ئەگەر بەرنامەكە زۆر حەزی لێ بكەیت و نەتەوێت لەدەستت دەربچێت چ دەكەیت؟

گەنجەكە: والله سەیر ئەكەم بزانم چ شتێك بەكەڵكم نایەت لەناو ئایفۆنەكەدا ئەیسڕمەوە بۆ ئەوەی جێگەی بەرنامە تازەكە ببێتەوە.

عومەر عەلی: ئەی ڕەحمەت لە خۆت و باوکت ئەوەندە جوان هێنات، ئیسلامیش ڕێك وایە بەرنامەیەکە شایەنی ئەوەیە دایبەزێنیت و دەبێت سەیری بکەیت بزانیت چ ڕێگرە لەوەی ناهێڵێ ئەوانە بسڕیتەوە!

گەنجەکە: تێگەشتم دکتۆر گیان جوانیش تێگەشتم و ان شاء الله هەر خۆم فۆڕمات ئەکەمەوەو تەنها ئەم دینە پاکە دادەبەزێنم پشت بەخوای گەورە.

عومەر عەلی: کارێکی باش ئەنجام ئەدەن و خوای گەورە لە پشتتان بێت.

**گفتوگۆی عومەر عەلی و کاك ئاسۆ لە سویسرا.**

ئاسۆ: سڵاو دکتۆر گیان.

عومەر عەلی: وعلیکم السلام ۷ برا گیان.

ئاسۆ: کاتت ناگرم زۆر بە کورتی دەپرسم.

عومەر عەلی: زۆریش مەمنون دەبم بەو شێوە ڕێزی کات بگرین.

ئاسۆ: ئێوەی مسوڵمان هەست ناکەن لە هەموو خۆشیەکی دونیا خۆتان بێ بەش کردووە؟

عومەر عەلی: حەز دەکەم پێناسەی خۆشی، یان هەندێك لەوانە بە نمونە بنوسیت.

ئاسۆ: زۆر شت، هەر ئەوانەی کە لە قورئانەکەی خۆتاندا بە حەرام ناوبراوە.

عومەر عەلی: هەرچی شت لە قورئاندا حەرامکراوە لە بەرانبەر ئەوەدا چەندین جۆری حەڵاڵ هەیە، وە بێگومان حەڵاڵەکەش بە سودەو حەرامەکەش بە زیانە، ئەوانەی دوای هەواو ئارەزووش دەکەون بەناوی حەڵاڵیەوە دەیان بینین چۆن گیرۆدەی شەڕو زیندان و دیپۆرت دەبنەوەو بە سەدان نمونەم

لایە، تۆ نمونەیەکت لایە کەسێك بەهۆی خواردنی شەربەتەوە دەعمێکی کردبێت؟

ئاسۆ: نا شەربەت خۆ سەرخۆشکەر نی یە!

عومەر عەلی: نمونەیەکت لایە کەسێك بەهۆی ئەوەی نەرۆشتووە بۆ دیسکۆ هاتبن و لە ماڵدا شوشەی مەشروبیان دابێت بە سەریاو دواتر بکەوێتە زیندانەوە؟

ئاسۆ: نا ئەی ئەو گەر لە دیسکۆکە نەبوو بێت ئەوە چۆن روودەدات!

عومەر عەلی: نمونەیەکت لایە کەسێك بەهۆی ئەوەی کە موخەدەرات ناخوات لە زانکۆ فەسڵ کرابیت؟

ئاسۆ: ئەوە چ پرسیارێکە ئەو کە نەیخوات چۆن فەسڵ دەکرێت!

عومەر عەلی: ئەوە هەر زۆر مەتیقیشە بۆ تۆ تا بیری لێ بکەیتەوەو باقی تاوانەکانی تریشی پێ قیاس بکەن، ئێستە من پرسیارێکی ترتان لێ دەکەم، هەست ناکەن ئێوە خۆتان لە گشت خۆشیەکانی قورئان و ئیسلام بێ بەشکردووە؟

ئاسۆ: بۆ نمونە چ خۆشیەك؟

عومەر عەلی: قورئان پیت بە پیتی، تام و بۆنی تایبەتی خۆی هەیە، تا خۆت تام و بۆنی نەکەیت، من ناتوانم بە تەواوی

وەسفی بکەم بۆت، ئەمە خواردنێك نی یە تۆ خواردبێتت و بڵێم لەو جۆرە.

ئاسۆ: تۆ دەتەوێت من دەست بکەم بە قورئان خوێندن؟

عومەر عەلی: جا بۆ نا؟ گوناح نی یە، گەنجێکی وەك تۆ خۆی بێ بەش بکات لەو خۆشیانەو تاقی نەکاتەوە!

ئاسۆ: لێرە کەس نی یە، خۆ ئەگەر بشمەوێت ئەو کارە بکەم!

عومەر عەلی: کەرەستەکان ئەمڕۆ ئێجگار زۆرن براکەم، هیوادارم سودی لێ وەرگرن، خۆ ئەنتەرنێتی سویسرا هی کوردستان نی یە، یوتوب هەیە بە تەنها گەورەترین قوتابخانەیە ئەگەر کاتی بدەیتێ!

ئاسۆ: وات لێکردم تاقی بکەمەوە!

عومەر عەلی: ئەگەر بە راستی تاقی بکەنەوە، هەم دونیاشتان بە نسیب بووە هەمیش قیامەت، دەزانم سویسرا زۆر خۆشەو من خۆشی و جوانیەکانی سویسرام هەموویم دیوە!

ئاسۆ: توخوا بەراست هاتوویتەتە سویسرا، با ئەمجارە لە خزمەتتا بین و لە نزیکەوە سودت لێ وەرگرین.

عومەر عەلی: پیاو بەدوای راستیدا بگەڕێت لە دووریشەوە هەر دەکرێت.

ئاسۆ: من خۆشحاڵ بووم و کاتتان ناگرم تامەزرۆی قورئانتان کردم.

عومەر عەلی: سودی زیاتر لە بیرکردنەوەدایە، هیوادارم سود لەکاتەکانتان وەرگرن.

ئاسۆ: بێگومان وادەکەم کاتێکی خۆش، ئەگەر شتێکم پێویست بوو نامەت بۆ دەنێرم.

عومەر عەلی: خۆشتر بۆ ئێوە لە خۆشیەکانی قورئان، لە خزمەتیشتاندا دەبم.

**ئەقڵی هەتا شێتێکیش بۆ حەڵاڵ و حەرام!**

رۆشتم بۆ تەرجومەی کابرایەك کە شێت بوو بوو لە جێگەی تایبەتیدا دایان نابوو، فۆڕمێکی قەبەیان پێدام کە پرسیاری لێ بکەم و پڕی بکەمەوە، پرسیار بە پرسیار پێیدا دەچووم و دەموت وەڵامەکەیم پێ بڵێ تا من بینوسم بە ئینگلیزی، ئەویش یەك قسەی نەدەکرد! تا گەشتە ئەو پرسیارەی کە لە چ جۆرە خواردنێك دەخۆیت؟ ئەویش خێرا هاتە زمان و وتی حەڵاڵ.

ئەو فۆڕمە زەبەلاحە تەنها ئەو وشەم تیا نووسی!

لە دڵی خۆمدا وتم ئەی خوا شیفای خەیری بدات بە شێتیش هەر حەلاڵی لەبیرە.

**پرسیاری شەرعی و نازانم!**

تەلەفۆنە:جڕ جڕ جججڕڕڕ.

عومەر عەلی: بەڵێ باوەلێ گیان فەرموو.

سڵاو کاك جەنابی دکتۆر ئەم کاتەت باش.

عومەر عەلی: هەموو کاتێکی ئێوە باش کاکە گیان، بەڵام بومە قوروانت ئیتر ئەونە قوڵفم لێ مەنێن بێژە -السلام علیکم- و تەواو، بەخوا ئەو سەلامە لە هەزار دکتۆرو شێخ و مەلا پێم خۆشترێکەو باشترێکیشە ها.

ڕاست دەفەرمویت جەنابی دکتۆر بەڵام ئەوە ئیتر ڕێزو تەقدیرێکی زیاترە.

عومەر عەلی: کورە باوەلێ گیان منیش ئا لەو زیاترە ئەترسم، بەخوا زۆر کەسی بردە ملی سەهواو یەژم نەوەکا خوا نەخواسە منیش پێم بتلیسکێ.

باشە بەڕێزەکەم ئیتر بە سەلام دەست پێ دەکەم و پرسیارەکەم دەکەم.

عومەر عەلی: ئەی خوا جەزات بداتۆو توخوا عەفویشم کە وتم با نەقونین وە ملیا ئەو ملاحەزاو لە کاتی خۆیا بێژمی، وە پرسیارەکەت بکە ئەگەر زانیم جواب ئەدەمێ.

یانی چی ئەگەر زانیم بۆ دەکرێت نەزانیت!

عومەر عەلی: ئاخر ئاوەیە کێشەی ئێمە عەزیزەکەم هەروا منالێکەو هەڵەسێ یەژێ هەمو شتێ ئەزانم و لە خۆیەوە قسە ئەکات بۆیە حاڵمان فرە جوانە، هەروا بۆ ئەم برای خۆمە بێژم جاری وا هەیە گیرەخۆم وە پرسیاری مناڵەکانی خۆیشمەوەو سەرەکەمە هەزار کونا تا ئەیدۆزمۆ بۆیان.

مامۆستا گیان پرسیارەکەم ئەوەیە زۆر کەس ئەناسم لە نزیکەوەو چوومەتە ناو وردەکاریانەوە شتی خراپ ئەکەن بۆ نمونە(بلابلابلا) تۆ بۆ لەسەر ئەمە قسە ناکەیت!؟

عومەر عەلی: تۆ ئیشت چی یە؟

واللە حالیەن بێ ئیشم!

عومەر عەلی: دەی باشە برا گیان ان شاء اللە بندیوار نیت چونکە ئەوە بەعزێ لە بندیوارەکان ئەوانەی زیاتر حیزب کلکە قنەیان ئەدەن لە ژێرۆ هەروا هاونە دوای خەڵکیەوەو لێی ناونۆ، تۆ مادام ئیشت نیە بەدوای ئیشا بگەڕێ، چوون گەڕیان وە دوای ئیشا بەخوا عەیب نیە، من خۆم زۆرجار دوکان وە

دوکان ملم پیا کردووەو عەیبیشم لێ نەهاتووە، هەر لە تورکیا وتیان ئەگەر گەرەکتو وە دوای ئیشا بگەڕێی بێژە ئابی ئیش چی لازم، ئیتر ئەوەم کردە هەڵقەو کردمە گوێم تا گەیشتمە لەندەن و وە هەمان شێوە هەر شوێنێ بمزانیایە حەڵاڵە ها، خۆم پیا ئەکردوو ئەموت ئایەم لوکین فۆڕ جۆب، جا ئێساکانێ شتی خۆشی ئەوکاتانەم ئەکەوێتە بیر، گەڕیان وە دوای ئیشا هەر خۆی ئیشەو تۆش نەجاتەدات لەوە، ئەو عەزیەتەی کێشاوتە وە گەڕیان وە دوای عەیبی خەڵکا لە شتی ترا وایە ئێساکانێ مەهارەکەو فرە بەرزەبووەو هەموو شوێنێ دەسی ماچەکردی بۆ ئیش.

جا پێڵاوەکانت ئەخەمە بانی سەرم تەداخولی شەخصی خەڵك مەکەو چمکی کەواکەو بکە ناو شەواڵەکەتاو وە دوای ئیشێکا بگەڕێ لەبیریشت نەچێ وەك وتم حەڵاڵ ها والسلام علیکم.

**کورد و پارەو دیسکۆ**

ماوەیەك پێش ئێستە لەگەڵ ئینگلیزێکدا کەوتینە قسەکردن، بەخۆشحاڵیەوە وتم: من کوردم و خەڵکی کوردستانم! هەر وتم: کوردم کابرا لێم هاتە زمان خوابکەم نەیبینن! وتم: ئەرە کاکە تۆ بۆ ئاوا پڕیت لە کورد؟ وتی: تۆ ئاگات لە دونیا نی یە! وتم: بۆ؟ وتی: ئەی نەتبینی کوردەکانی لای ئێوە بۆ پارە هەتا ئاگر بەرەدەنە ماڵی خۆشیان و خەڵکیش ئەکوژن!؟ وتم: بەرەواللە بینیم لە BBC، وتی: کورە نەك هەر ئەوە ئێوەی کورد هەتا هەر نازانن خۆشیش بکەن! لە دڵی خۆمدا وتم: ئەی خوا چۆن نەجاتم بوێت لەم کابرا، لە کوردستان ئەیانوت مەقەستی ئینگلیزی ئەمە رێك ئەمەیە، وتم: کاکە برا بۆ نازانین خۆشی بکەین، وتی: ئەم یەك شەممەی رابردووە رۆشتم بۆ دیسکۆ کوردێکی لێ بوو ئەوەنە ناشرین قنی بائەداو لەمسەرەوە بۆ ئەو سەر ئەچوو وەزعی لە ئێمەش تێك دابوو حەیای خۆشی برد!

لە دڵی خۆمدا وتم: ئەی قوڕ وەبانی سەرم کابرا لە دیسکۆشدا حەیای نەبێت چ جای دەرەوە، جا هەر بیلموناسەبە بەخوا نەك دانسی ئینگلیزی، هەڵپەڕکێی کوردیش نازانین، ئەی ئەوە نی یە لەبەر سەرچۆپی پیاو ئەکوژین، ئاخر ماڵ وێران دەشتێکی

خوای کاکی بەکاکی گەورە تەقلەی لێ ئەدەی هەڵەپەڕی بەخوا بەشی هەمووی ئەکات بۆ ئەیکوژیت!.

جا مەردی خواون گەنجەکانی ئەوروپا، سومعەمان خراپ بووەو گلۆڵەمان کەوتووەتە لێژی، وازبێرن لە شتی خراپ و بۆ پارەماڵی خۆشتان کاول مەکەن، مەیەژە ئیش نی یەو بیانوی هیچ و پوچ بۆ من مەهێرەوە، بەخوا ئەوەندە ئیشی حەڵاڵ هەیە نەوێتۆ ئەگەر تۆ تەماحت زل نەوێ، بیکەنە خاتری خوا حساو بۆ حەڵاڵ و حەرام بکەن و سود لە چاکی و جوانیەکانی ئەوروپا ببینن، نمونەی خراپ مەهێنەوە بڵێ ئەوە هەیە، کورە بە مەلاین نمونەی چاك هەیە تۆ بۆ هەر ئەڕۆی ئەپێچێتە ئەو نمونە خراوانەدا، ئەوەنە بۆ خراپە خۆت هیلاك دەکەیت بەخوا بۆ چاکی وێت سومعەکەمان چاك تێتەوە شوێنی خۆی.

خوا گیان خۆشی لە قورئانا فەرموویەتی تۆ هەر ئەوەنە هەنگاوێك بنێیت ئیتر خوای گەورە دەرگای زۆرت لێ دەکاتەوە (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا) العنكبوت ٦٩

جا ئیتر مەردی خواون و دەستم وە دامێنتان.

**نوێژکردن و حۆری وەرگرتن!**

کابرایە بە تووڕەیی و لە خۆ باییەکەوە رووی تێکردم و ووتی: ئێوە زیرەتان کردووە بە خەڵکی و بۆ حۆری نوێژ ئەکەن!

چاوەڕێ بوو یان پەلاماری بدەم یان بە تووڕەییەوە وەڵامی بدەمەوە! بە پێکەنینەوە وتم: دەی برا خوا ئەکات جارێ ئێمە ئەچینە بەهەشت، من وە حۆریە بچکەلەیەکیش مەمنونم.

دەستی کردە پێکەنین و وتی: بەخوا مامۆستا کەمێك باڵای بەرز بێت باشە! وەلحاصڵ دواتر رێکەوتین لەسەر جۆری حۆریەکە، دوای دەمەتەقەیەکی خۆش، وتم ئەرە برا تۆ بۆ نوێژ ناکەیت؟ وتی بەخودا مامۆستا ژن بهێنم دەست دەکەم بە نوێژکردن، وتی: ئا تۆ ژنێکم بۆ بدۆزرەوە بزان یەکسەر دەست ئەکەم بە نوێژکردن یان نە!

وتم: برا ئێمە نوێژ ئەکەین بۆ ئەوەی لەو دونیا حۆری وەرگرین، ئەویش شەو و ڕۆژ دوعا ئەکەین خوا قبوڵی بکات لێمان، ئێستە تۆ یەك رکات نوێژت نەکردووە پێشەکی داوای حۆریەکە لە من ئەکەیت.

ئێستە الحمدلله کوردەواری یەژێ سەری بڕوات نوێژی ناڕوات، خوا بکات حۆریەکی باشیشی بە نسیب ببێت.

جا گەرمیانی یەژێ تولی نەدەمی، کە سەیری قورئانیش ئەکەی زۆر لۆژیکی چۆنیەتی بەدەستهێنانی بەهەشتمان بۆ ئەکات و ئەفەرموێت: **(تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ)** السجدة ١٤

واتە: (ئەو ئیماندارە بەختەوەرانە) نێوانیان خۆش نیە لەگەڵ ڕاکشان لە جێگەو ڕێگەو ڕێگەی گەرم و نەرما (واتە بەنوێژو خواپەرستی بەشێکی شەو دەبەنە سەر)، هەمیشە نزاو پاڕانەوەیان ڕوو بە پەروەردگاریانە لە خەشم و قین و دۆزەخی دەترسن، ئاواتی ڕەزامەندی و بەهەشتیان هەیە و لەو ڕزق و ڕۆزی و توانایی و زانیاریەی پێمەن بەخشیوون دەبەخشن.

**کەس نازانێت خەیر بەچیەوەیە، بە بەلاش گوێیان لێ نەدەگرتم ئێستە بە پارە قسەیان بۆ دەکەم.**

لە کوردەواریدا وتراوە شتی بەلاش بێ مەڵامەو نی یە، ئیتر ئەمە تەفسیری خراپی بۆ کراوەو زۆرجار هەرچی ئەکەی بۆ بەرانبەر بە بەلاشیش یەژن بەخوا ئەوە حەتمەن مەوزوعێکی تیایە لە ژێرەوە، ماڵ ئەزانم لە کوردستانی خۆماندا حیزبە ئیسلامیەکان فەقیرانە سواڵی وڵات بە وڵاتیان بۆ ئەکەن کەچی هەر نا قەتان و یەژن بەخوا ئەوە بەناوی یەمەوە خوا ئەزانێت چەنێك پارە ئەخۆن، ئەی لا حول ولا قوة إلا بالله، وتم برا تۆ مانگی ٥٠ هەزار بدەرە من، من کۆپی تەسکەرەو جنسیەو کارتی زانیاری و فۆڕمی بایەعەکەشمانت ئەدەمێ، بەناوی منەوە مانگی ملیۆنی وەرگرە بۆ خۆت! ملی باداو وتی: نا ناکرێت، وتم کاکە برا گیان قسەیە بۆ خوا بکە، خۆ من بەخوا لەناو حیزبی ئیسلامیشدا نیم بەڵام ئەزانم ئەوان ئەم پارە چۆن کۆدەکەنەوە، وتیان: چۆن؟ وتم: هەرچەند حەزیش ناکەم بەڵام بۆ ئەوەی تۆ قەناعەت بکەیت بۆتی باسەکەم، وتی ئادەی، وتم من لە لەندەن ئیشم ئەکرد، فلان کەس هاتە لام وتی برا تۆ ئیش ئەکەیت و کەفالەتی هەتیومان بۆ بکە، هەرچەندێك ئەتوانی،

منیش کەفالەتی هەتیوێکم کرد، مانگانە ئۆتۆماتیکی لە بەنقەکەمەوە پارە ئەچوو بۆ بانکی ئەوان و ئەوانیش پارەکەیان ئەدا وە ماڵەکە، مەعلوماتی ئەو ماڵەشیان داپێم بۆ متمانەیی زیاتر، دوای ماوەیەك ئیتر کەسابەتەکەم کز بوو توانام نەما، وتم برا دەی خۆ خوای گەورەش نەیفەرمووە تۆ تا قیامەت دەبێت کەفالی ئەم هەتیوانە بکەیت ئێستە خۆشم موحتاجم ناتوانم، ئەوانیش چی بکەن وتیان دەی چار نی یەو خوا جەزات بداتۆ، جا دوایی ئەو ماڵە وا ئەزانن مانگانەکەیان ئەخۆن! خۆ نازانن منی قوڕ بەسەر ئیشم نەماوەو ئێستە خۆشم پێ دەبر ناکرێت وە تەواویی.

جا یەژێ قسە دێت و قسە ئەبڕێ، لە مزگەوتێك بووم ئەموت خەڵکەکە بێن لە خزمەتتاندام باسی دین یەژین ئەیکەین، باسی دونیا یەژین ئەیکەین سود لە ئەزموونی یەکتر وەرەگرین، ئەیانوت نا بەخوا ئەمە ئەگەر قانجازێکی تیا نەوێت بۆ خۆت ئاوا ماستاومان بۆ ناکەیت، خەڵك گوێ ناگرێت چی بکەم وازم هێناو دەستم کردە ئیشی موتەرجمی، خوا کردی ئەوانەی کە گوێیان نەئەگرت قسەیان بۆ بکەم بە بەلاش ئیستە خۆیان دێنەوە بەردەستم و قسەیان بۆ دەکەم بە پارە، جا ئەونە جوان و

ئاقڵانەش گویٚ ئەگرن، هەریەك كێشەیەكی توش بووە بەهۆی مەشروبەوە سەرخۆش بووەو داویەتیە بنا گوێی كەسێكا، یان لە دیسكۆدا حەماسەت گرتوویەتی و پڕی داوەتە ژنی كەسێك و پیاوی ژنەكە قبوڵی نەكردووەو چواری گەرمی تیٚ هەڵداوە، ئێستە ئەوەتە جل و بەرگی خوێناوی و قۆڵ و ملیوان دڕاو خڕاو گرفتار بووە، یان لە قومارا دۆڕاندویەتی و لە داخا جیهازەكەشی شكاندووە! جا هەر ئەمانە كە لە مزگەوت یەژی كاكە برا گیان مەشروب مەخۆن و مەڕۆن بۆ دیسكۆ و قومار مەكەن، گازەرەت لیٚ ئەكێشن و یەژن دەی برا خۆ ئێرە ئەوروپایە خۆ مەكەو مەدینە نی یە.

جا براو خوشكە باشەكەم، بەخوا ئا ئەم نوسینەی ئێستە وە پارە حساوی بكەم لەوانەیە پارەكەیت بۆ نەدرێت و قەدری بزانە، پابەندی بە دین و حەیاو حورمەت و قسەی هەلەقو مەلەق نەكردن هەم بۆ دونیا باشە هەمیش بۆ قیامەت، خوا بمكاتە قوروانی یەك بە یەكی ئایەتەكانی قورئان. تۆ سەیركە لە یەك ئایەتدا بزان چەند مشكیلەی گەورەی حەل كردووە، كە دەفەرموێت: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ**

**وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ)** المائدة ٩٠

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و قومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵک بەپیرۆزی داناوە نەک ئیسلام، بورج حەرام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەرپیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن (لە هەردوو جیهاندا).

**موناقەشەی من و عەرەبێك و سەڵاوات دان و هوتێلی بەلاش!**

١٥ ساڵ پێش ئێستە فرسەتی حەجم بۆ رەخساو رۆشتم بۆ حەج، هەرچی وتیان کورە تۆ مناڵیت و هێشتاو ژنت نی یەو کورە نازانم چی مەڕۆ بۆ حەج فائیدەی نەبوو، وتم بەخوا برا ئەچم و حەج حەقی وەو شتانەوە نی یە وا یەوە یەژنی، کورە من عالمی زۆر گەورە گەورە ئەناسم هەر ژنیشیان نەهێناوە، کورە هەر کتێبێکیش هەیە وە ناویانەوە ( العلماء العزاب) زانا زگوردەکان، حەج واجبە عەلەل فەورو بەخوا برا ناوێ.

حەجمان تەواوکردوو رۆشتین بۆ مەدینە، ٣ کەس هاوڕێ بووین پێکەوە ئەوان تەمەنیان هەبوو خاوەن ژن و منداڵ بوون و خەمیان زۆر بوو، هەروا بازاڕیان ئەکردو منیان لای جامتاکان دائەنیا، لە بنکەیەك کە جەوازەکانمانی لێ بوو، زۆر قەرەباڵغ بوو، کەس وە کەس نەو، منیش هەموو جامتاکانم وەك ماقڵە مناڵانە کردە خانویەك و لەسەری خەوتم، ئەوانیش درەنگانێکی شەو هاتنەوەو وتیان هەستە با بچین بۆ هوتێڵ، جا ئەو خوای گەورە وەك بەهەرەیەك داویەتی پێم لە هەرکوێ گەرکم وێت ئەخەوم، هیچ مشکیلەم نی یە، منیش وتم قەینا ئێوە

بچن من نایەم بە دەمی خەوەوە، ئەوانیش حەزیان کرد چوون جانتاکان زۆر بوو گواستنەوەی قورس بوو، درەنگانێکی شەو ٣ عەرەب لێم قوت بوونەوە وتیان حەجی هەستە! منیش وتم خەیرە وتیان ناوێ لەیرە بخەویت و ئێمە دایەخەین، وتم دەی برا یەوە زوتر بتان وتایە ئێستە من وەم هەموو جانتاوە چی بکەم، وتیان رەقەمی هاوڕێکانتمان بدەرەی خۆمان تەلەفۆنیان بۆ ئەکەین بێن، منیش تەلەفۆنم پێ نەبوو هەر کە چووین بۆ حەج وتم بەخوا تاقەتم نی یە خۆم وە تەلەفۆنەوە مەشغوڵ بکەم و با هەر عیبادەت بکەین، کورە ئەم جێگە موبارەکە هەموو رۆژێ دەست ناکەوێت، وتم واللە پێم نی یەو هەروا بوو بە موناقەشەمان، منیش وتم برا یەك دەقە بوەستن! وتیان ئادەی بزانین چی ئەکەیت؟ جانتاکانم راکێشاوە دەرەوەی دوکانەوە وەك خۆی کردەمەوە بە ماقڵەو رۆشتمەوە بانی بۆ خەو، وتم تەواو لە ئەمانی خوابن، وتیان کاکە ناوێ ئەوە تۆ چی ئەکەیت، منیش ئەو کاتە عەرەبیەکی زۆر سەرەتایم ئەزانی، وتم ئەی برا یەوە سیقەتان نەو لە ژورەوە ئیتر خۆ ئەمە دەری خوایەو حەقتان چی یە، تومەز ئەوان خەمی منیانەو زەمیریان قبوڵ ناکات ئەوا بە تەنها من جێ بهێڵت و دەیانەوێت حەلێکم بۆ بدۆزنەوە، منیش هەر بۆ ئەوەی خەوم نەزڕێ خوا خوام بوو

زوو لە کۆڵم ببنەوە، یەکێکیان وتی حەجی صل علی النبي، منیش رێك وە جوانی وتم: **(اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ)** کابرا مەبەستی ئەوە نەبوو من صلاوات بدەم، مەبەستی ئەوە بوو واز بهێنم لە موناقەشە، وەك کوردەواری خۆشمان هەر یەژن سەلاواتی لێ بدە، یەعنی واز بێرە، بەس عەرەبیەکەی من سەرەتایی بوو هەر وشەکە وەك خۆی تێگەشتم و نەمدەزانی لە پشتی ئەوەوە مەعنای تر هەیە، جا هەر ئەوەندە سەلاواتەکەم دا، کابرا رووی گەش بوویەوەو بە توندی باوەشی پیاکردم و ماچی کردم، وتی واللەی مادام ئاوا ئەو سەلاواتەت دا من ناهێڵم تۆ لەیرا ئاوا بە تەنها بیت، تەلەفۆنی کرد سەیارەیەکی تازە هات بە چەند گەنجێکەوە هەموو جانتاکانیان بۆ بارکردم، نەیان هێشت خۆم یارمەتیشیان بدەم و بردمیان بۆ هوتێلێکی خۆش بە بەلاش، جا کە گەڕامەوە گێرامەوە بۆ مامۆستایەکم خەڵکی جەزائیر بوو ئێستە مردووە خوا عەفوی کات، وتی کاکە گیان ئەوە بەرەکەتی سەلاواتەکە بوو لە دونیادا، جا جومعان ئێوەش سەلاواتێکی لێ بدەن، بەڵام مەردی خوا ون داوای هوتێلم لێ مەکەن، ان شاء الله خوا گیان هوتێلی باشتان لە بەهەشتدا پێ ئەدات، چوون خۆشی ئەو

داواکاریەی کردووەو دەفەرموێت: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)** الأحزاب ٥٦

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئێوەش (صلوات)ی لەسەر بدەن و (بەردەوام یادی خێری بکەن).

**مەجلیسی کوردەواری ئێستەو گەنجێکی سەردەم.**

دانیشتووین، قسەو باسەو هەریەکەو لە ئاوازێك ئەخوێنێت، پارتی هەر لە چەند دەقەی یەکمدا لە یاریەکەدا دۆڕاندی و کراوە دەرەوە، یەکیەتی و گۆران تەعادول بوون و دواتر بە پەنارتیان گۆڕان بردیەوە، ئیسلامیەکان بۆیان نەبوو هەر یاری بکەن، هەرچەند جار جار یەکێ قوت ئەبوویەوە ئەیووت یاریچی باشیان تیایە، بەڵام فایدەی نەبوو، ئەیانوت تیپەکە بە گشتی بۆ یاری ناشێت.

نەوەی نوێیان هەر بە جموریش قبوڵ نەبوو، وتیان جارێ منداڵن و مناڵیش مەسولیاتە نەوەکو بکەونە خوارەوە لە سەیارەو دەوربەری مەلعەبەکەش مانگای زۆر تیایە، شارەوانی وتوویەتی خوێنی خۆتان لە ملی خۆتان من حەقم پێیانەوە نیە، جا ئەو مانگانە مانگای هارو سەرشێتی زۆر تیایە، نەوەك خوانەخواست قۆچ بدەن لە جەماعەتی نەوەی نوێ و لێیان بفلیقێنێت.

ئیتر کاکە هەروا لەم لاوە هجومە لەولاوە دیفاع و لە کۆتاییدا بووە شەڕو تیپێك نەما پیاو دڵی پێی خۆش بکات و دەستمان لە هەمانەکەوە دەرچوو!

پیاوێکی بە ئەزموونی بێ دەستەڵاتیش لە سوچی دیوارەکەدا دانیشتبوو بە دڵێکی پڕ لە خەفەتو ئاهێکەوە وتی: کورە دەی پیاو هەر دینەکەی سەلامەت بێت دونیا ئەوە ناهێنێت! تازە دونیامان چوو خوا رەحمی قیامەتمان پێ بکات، کاکە لەو لاوە گەنجێك قوت بووە لێی، ئا لەمانە کە دەڵێی ئەوروپا ئەو دروستی کردووە کەچی دهۆکیشی نەدیوە! هەر ئەوانە یەژم وا ٢ی شەو لە نێرگەلەخانە دێنەوە، خوا وە گوناح نەینوسێ شتی خراپیشی لەسەر باسەکەن بەس من لە ترسی خوا ئەوانە نایەژم، نەوەك گوناحبار ببم لە حزوری خوا.

جا هەر ئەم گەنجە، ملی کرد وە ئیسلاما خوا بکەم نەیبینی یەکیەتی و پارتی چی، کورە وتی: هەر ئەسڵەن باسی ئیسلام مەکەن! ئەی خوایە تەوبە لە دەستی ئەم مارمێلکە ئاخر بۆ کاکە؟ وتی تۆ نازانیت قورئان هەر وە کەڵکی هیچ نایەت و شانی کردە قورئانە ئایەتێکی وە ساق دەرنەکرد!

وتم ئا بوێستە کاکە تۆ چیت تەواو کردووە! ووتی کاکە تەواوکردنی چی ئەم حکومەتە واو وا پێ هاتووە مەنهەجەکەی زۆر خراپە بەخوا تا شەشی سانەویشم خوێند دەرنەچووم!

وتم ئەی بۆ ئەو هەموو خەڵکە مەنهەجیش سەقەتەو دەریش ئەچێت و پلەی بەرزیش ئەهێنێت؟! وتی بەخوا فڵانە کەس من

ئەیناسم قۆپی کردووە! وتم برا خۆ ئەو عالەمە هەمووی قۆپی نەکردووە رامەکە لە وەزعەکە، وتم ئەی لە قورئانا لای چی مەلایەك خوێندووتە؟ وتی مەلای چی ئا تۆ یەك مەلای باشم بۆ هەڵدە؟ وتی واللە ١٠٠ مەلای باشیشت بۆ هەڵدەدەم ئەگەر خۆت باش بیت! ئێ لەوە گەڕێ نەتخوێندووە چۆن ئاوا قسەی لەسەر ئەکەیت؟ وتی دەی کاکە تۆش وازبهێنە! وتم کاتێك واز دەهێنم کە تۆ وازبهێنیت ئەگینا تەپڵت لێ ئەکوتم کە تۆ کەسێکی فاشیلیت! وتی برا باشە داوای لێبوردم ئەکەم، وتم داوای لێبووردن لە خوای گەورە بکەو دەستی ئەو مامە پیرەش ماچ بکە، فەقیرە خۆشی لە دونیا نەدیوەو تۆش بێ ئەمەلی قیامەتیشت کرد! ئیتر لەناو مەجلیشدا رێزی گەورە بگرەو لە خوارەوە دابنیشە، ببیستە گەورەکان چی یەژن سودیان لێ وەرگرە.

کە ئەو جۆرە کەسانە ئەبینم و سەیری قورئانیش ئەکەم ئایەتێکی تیایە کورە نیعمەتێکی زۆر گەورەیە بۆیان ئەگەر ئەویش وەك خوێندنەکە لە کیسی خۆیانی نەدەن بە بیانوی بەکالۆریەوە، ئایەتەکەش هەر ئەوەیە کە دەفەرموێت: **﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾** الزمر ٥٣

ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم.. ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بکەن، خوا لەهەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو لێبوردەیە و زۆر بە سۆزو میهرەبانیشە.

**دوو کەسایەتی کۆمیدی ئینگلیز.**

دوو کەسایەتی کۆمیدی ئینگلیز زۆر حەزیان لێ دەکەم، یەکێکیان مستەر بین (Rowan Atkinson) ئەوی تریان رۆبین ولیەم (Robin Williams) بەداخەوە رۆبن ولیەم لە ساڵی ٢٠١٤ خۆی خنکاند لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئەمەریکا، بەڵام مستەر بین ئێستە لە ژیاندا ماوە: مستەر بین لە موقابەلەیدا وتی: جارێکیان لە پیتەبەرۆ کابرایەك زۆر بە دیقەتەوە تەماشای ئەکردم، تا نزیك بوویەوە لێم و وتی: ئەرە تا ئێستە کەس پێی نەوتوویت تۆ رێك لە مستەر بین ئەچیت؟ وتی منیش وتم: ئەی من خۆم مستەر بینم! وتی کابرا باوەڕی نەکرد! وتی هەتا زیاتر محاوەلەم بکردایە باوەڕی پێ بکەم کە من مستەر بینم وتی ئەو کەمتر باوەڕی پێ ئەکرم.

زۆر حەقیقەتیش ئەبینم رۆژانە رێك وەکو ئەوە وایە، تا زیاترو جوانتر روونی دەکەیتەوە ئەو کەمتر باوەڕ دەکات.

سڵاو لە یەك بە یەکی ئایەتەکانی قورئان چەند جوان مەشهەدەکان دەخاتە پێش چاومان و دەفەرموێت:( **وَيَوْمَ** الْقِيامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُمْ مُسْوَدَّةٌ ﴾ [الزُّمَرِ: 60]

واتە: رۆژی قیامەت دەبینیت، ئەوانەی درۆیان بەناوی خواوە دەکرد (شتی نارەوایان تێکەڵی دین دەکرد) روخساریان رەش و تاریکە.

**باڵای بەرزو ژن مارەبڕین.**

مەجلیس کۆبووەتەوەو بە تەماین بچین بۆ داوای ژن، ماڵی کچە تۆزێك گیرن و ترس و لەرزێکی دروست کردووە کێ بوەین و چۆن قسە بکەین، چوون کاکی زاوا ئاگری تێ بەربووەو یەژێ ئەو نەوێ نەمگەرەکە، گەرمیانی یژێ سەرتان نەیەرم وەژان رێکەوتین و باوکی کوڕە وتی: با فلان کەس نەیە تەکمانا، بەخوا لەوێ هەر قسە بکات هینی خۆی تێ ئەکات و وەزعەکەمان لێ تێك ئەدات و رێسەکەمان ئەکاتەوە خوری، ئەویش سەیرم کرد ما شاء الله باڵاو قیافەیەکی زۆربەرزو جوانی هەبوو، وتیان مامۆستا وەوە مەخەڵەتێ هەر نازانێیت دوو قسە بکات، وتم برا تۆ حەزەکەیت بێیت، وتی ئەرە واللە، وتم باشە بە مەرجێك، بەس لەوێ قسە مەکە، وتی ئاخر چۆن ئەبێت؟ وتم برا گیان تۆ هەر ئاواش قسە نەکەیت هەر موهیمیت، زۆری پێ خۆش بوو وتم بە قسەنەکردنیش موهیمیت، وتم جوان چوارمشقی بدە، هەرچیان هێنا بیخۆ نقەت لێوە نەیە، وتی باشە قبوڵمە.

رۆشتین و دەستمان کردە دەمەتەقەو وەزعێکی خۆشی وا دروست بوو هەر خەریك بوو باسی ژنەکەمان لەبیر بچێت، وەلحاصڵ کەوتینە باسی ژن خواستنەکەو هەموویان موتەفیق

بوون و وتیان کچ کچی خۆتانە، وە کراسەکەی بەری خۆیەوە پێشکەشتان بێت، ئەوەندە دۆخەکە گونجاو بوو ئەمانتوانی هەر لەو مەجلیسەدا نەك هەر ئەو کچەی، بەڵکو هەموو کچەکانی داوا بکەین.

جا بەیناو بەین سەری ئەو کابرایانە ئەکرد بەو قیافەو رێك و پێکیەوە هیچیش قسەی نەدەکرد! وەك بڵێی کورە ئەمە بچکەلەکانە ئاوان نەخوازەڵا گەورەکان، ئیتر کار سەری گرت و ئاو بێرەو دەستت بشۆ، زاواش لە خۆشیا هەر ئەوە نەو شاگەشکە ببێت.

جا یەژێ قسە تێ و قسە ئەبڕێ، جاری وا هەیە پرۆفایڵی کەسی وا ئەبینم لەم فەیسبوکەدا زۆر سەرسام ئەبم پێی، دواتر ئەچمە ناو نوسینەکانیەوە رێك ئەو کابرامە ئەکەوێتە بیر ئیتر خۆتان تەواوی بکەن.

بە قوربانی پێغەمبەر بم کە چەند جوانی فەرمووە: «**من كان يؤمن بالله واليوم الآخر، فليقل خيرًا أو ليصمت**» (رواه البخاري، ومسلم).

واتە: ئەوەی باوەڕی بە خوای گەورەو رۆژی دوای هەیە با چاکە بڵێ یان بێ دەنگ بێت.

**سایەق تەکسیەکانی هاوڕێم.**

زۆرجار کە دەڕۆم بۆ ماڵ ئەو برادەرانەم کە سایەق تەکسین و لەوێوە پێویست بکات بڕۆین بۆ جێگەیەك، دائیم ئەڵێم با بە سەیارەکەی من بڕۆین، ئەوانیش دەڵێن نا با بە سەیارەکەی من، منیش بەردەوام دەڵێم ئاخر کاکە ئەگەر بە سەیارەکەی تۆ بڕۆین لە دڵی خۆتدا حسابی ئەکەیت ئەڵێی ئەمە ئەگەر بە پارە بوایە ئەوەندەی ئەکرد! بەڵام من تا ئێوارە سوڕ بخۆین چوون پارەم لێوەی دەست نەکەوتووە ناڵێم ئەوەندەم دەست دەکەوت. ئەوانیش پێدەکەنن ئەزانن وایە هههە.

جا لە مەجالی ئینگلیزیەکەدا چوون منیش پارەم لێوەی دەستکەوتووە، تاقەتم نی یە بە بەلاش هیچ بۆ کەس تەرجومە بکەم.

دونیای مادی ئەگەر وریای نەبیت، ڕۆحیەتی هاوکاری و برایەتی ئەشێوێنێت.

**(وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ)** المائده ٢

یارمەتی و کۆمەکیی یەکتر بکەن لەسەر چاکەو خواناسی، نەکەن یارمەتی وکۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناهو دەستدرێژی، لە خوا بترسن و پارێزکار بن.

**بەندەو ئینگلیزێك لە گفتوگۆیەكی هێمنانەدا.**

ئینگلیزێك گوتی: بۆچی ئێوە روگرژو خراپن لەگەڵماندا؟ لە كاتێكدا هەموو مافێكتان پێدراوە وەك ئێمە!

وتم: تۆ پیاوێكی ژیریت و لە سستمێكی دیموكراسیدا گەورە بوویت، قەت رۆشتوویت بۆ دایەنگاكان و منداڵە هەتیوەكانت بینیوە؟

وتی: بەڵێ ئەوە دەردێكەو كۆمەڵگەمان زۆر پێوەی دەناڵێنێت، چوون شیرازەی كۆمەڵایەتی ئێمە زۆر نا جێگیرە ئەڵبەت پێشتر وا نەبووە، ئێستە منداڵی بێ باوك، یان بێ دایك، یان بێ باوك و دایك ئێجگار زۆرە.

وتم باشە: حكومەت مافی ئەم منداڵانە نادات؟

وتی: بێگومان دەیدات.

وتم باشە: ئەو منداڵە كە گەورەش دەبێت تا مردن هیچ كەسێك دەتوانێت فەراغی باوانی بۆ پڕ بكاتەوە؟

وتی: بەداخەوە زۆرینەی تاوانەکان ئەم منداڵانەن کە بە سۆزو خۆشەویستیەوە گەورە نەکراون تەنها لایەنی مادیان رەچاو کراوە.

وتم: ئەی رەحمەت لە باوکت، ئێستە تێگەشتی لە ئێمە؟

وتم: کاکە برا گیان ئێمە لە لایەکی ترەوە لێمان قەوماوە، وڵاتمان نی یە، کاول بووەو بێ وڵاتین، ئەوە مەوزوعەکەیە، وتم جا کاکە برا گیان تۆ حەقی ئێمەت نەبێت با ئێمە هەر مۆڕە بکەین تۆ لە سمایڵی خۆت مەکەوە، با هەڵەی ئێمە تۆش بە هەڵەدا نەبات.

سمایڵێکی کردوو وتی: قسەت بۆ نەهێشتم.

**(وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا ۚ اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ)** المائده٨

واتە: ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیج لایەک هەڵتان نەنێت کەلە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە.

**گەنجێکی بەتاڵ لە دانیمارکەوە!**

سڵاو.

عومەر عەلی: وعلیکم السلام فەرموون.

من کەسێکی مسوڵمان و خانەوادە مسوڵمانین، ئەوە ٣ ساڵە لە دانیمارکم و ئیقامەم نی یە، خۆم پێ ناگیرێت و توشی تاوان دەبم، دڵم توند دەبێت و نامورتاح دەبم، دواتر نازانم چی بکەم؟

عومەر عەلی: ئیش و کارت چی یەو سەرقاڵی چیت؟

بێ ئیشم و هەروا لەگەڵ هاوڕێیاندا رۆژانە دەرۆینە دەرەوەو کات بەسەر دەبەین.

عومەر عەلی: برا بەڕێزەکەم گەنجی وەك ئێوە نابێت کاتی بەتاڵی هەبێت لە ئەوروپا، خۆت سەرقاڵ بکە بە خوێندن و کۆرساتەوەو هاتوچۆی مزگەوتیش بکە.

مەکتەب وەرمناگرێت و مزگەوتیش لە نزیکمان نی یە.

عومە عەلی: دەی وەرە بۆ لای برات خۆت، شەرت بێت ئەوەندە سەرقاڵت بکەم بەکاری خەیرەوە مەجالت نەبێت سەری خۆت بخورێنی.

دەی واللە پێم خۆشەو لە خزمەتتاندا دەبم هەرچیم پێ بکرێت.

عومەر عەلی: خوای گەورە خێرت بنوسێت و هاوڕێ و هاوکاری خەیری یەکتر بین.

**حەوسەڵەی کوردو (جەبار شێخانی)**

ماوەیەك پێش ئێستا کابرایەك تەلەفۆنی بۆ کردم و پرسیارێکی کرد، منیش وتم: بەخوا براکەم زانیاریم لەسەری نی یە، پێم وایە ئەگەر تەلەفۆن بکەیت بۆ کاك جەبار شێخانی ئەو کەسێکی باش بێت لەم بوارەدا.

وتی: تۆ دەیناسیت کەسێکی چۆنە؟

وتم: بەڵێ نەك هەر خۆی، باوکیشی و بنەماڵەکەشیان دەناسم و هەموویان چاکن و ئیشکەرو بێ زیان و دیندارن.

وتی: دەی تەلەفۆنێکی بۆ بکە تۆ، منی پێ بناسێنەو تا منیش تەلەفۆنی بۆ بکەم و کێشەکەی خۆمی بۆ باس بکەم.

وتم: بۆ کورد هەر فێری واسیطەیە لە هەموو شتێکدا، خۆت تەلەفۆنی بۆ بکەو بێ گومان بە ئەوەی پێی بکرێت دەیکات.

**دوای دوو حەفتە**

تەلەفۆنی کردەوەو زۆر تورە بوو وتی: تەلەفۆنم بۆ کرد ساردبوو لەگەڵم و ئیشەکەشی بۆ نەکردم وتی: محامی بگرە بۆی.

وتم: باشە من پرسیارێك لە تۆ دەکەم، کەی تەلەفۆنت بۆ کرد؟

وتی: بەخوا هەر بەیانی زوو بۆم کرد.

وتم: بۆ نەتتوانی ئارام بگریت تا بەلانی کەمەوە دەوام بکرێتەوە، خۆ ئەو کۆستۆمە سیرڤیس نی یە براکەم بەو بەیانی زووە، بتهێلایە بچێتە سەر کارەکەی و هەندێك ئیسراحەتی ترافیك لە گیانی دەرچوایە، کافیەکیشی بخواردایەو چەکی پۆست و ئیمەیلەکەی بکردایەو مێشکی ساف بوایە ئەوسا تەلەفۆنت بۆ بکردایە، کێ دەڵێ لەو کاتەدا ئەو لە پەلە پەلی خۆ حازرکردندا نەبوو بێت بۆ سەرکار، دوای ئەوە ئێ ئەو پێی وتوویت: ئیشەکەت لای محامیە، تۆ دەتەوێت بە ناڕاست زانیاریەکت پێ بدات و ماوەیەکی زۆر گرفتار ببیت پێوەی ئەوسا بزانیت وا نەبووە! جا ئێستە بۆ تەلەفۆنێك ئەوەندە پڕی لێی! خۆ ئەو کاتە بە کوتەکەوە ئەڕۆیشتی بۆی!!

برایان و خوشکانی بەڕێزم، ئادابی تەلەفۆن و تێگەشتن لە پرسیار زۆر گرنگە، هیوادارم ئەو کەسانەی کە زۆر سەرقاڵن کاتی زیاتریان نەگرن، ئەشیعەو حەب و چەندین شتی جۆربەجۆرم بۆ دەنێرن کە پێیان بڵێم ئەوە بۆ چی یە، لە کاتێکدا نەخۆش هەرچی وەرگرت دەبێت لە دکتۆرەکەی ڕێنومایی وەرگرێت، هەشە وەری گرتووە بەڵام هەر نازانم بۆ دڵی ئاو ناخوات تا لە کەسێکی تر پرسیار نەکات، ئەمانە بەراستی خۆی بۆ خۆی نەخۆشیە.

کەسێك یەك عەلاگە حەبی لەبەردەممدا هەڵڕشت وتی: دانە دانە ئەمانەم پێ بڵێ بزانم بۆ چی یە؟!

منیش زانیم بڵێم نازانم فایدەی نی یەو تەپڵم لێ ئەکوتێت!

هەر دانەیەکم دەگرت بە دەستمەوە دەمگوت ئەمە دکتۆرەکە چی پێ وتوویت؟ ئەویش دەیگوت واو وای پێ وتووم، بە کورتی هەریەکەو بە جۆرێك پرسیارەکەم لێ دەکردو وەڵامەکەیم لێ وەردەگرت و هەمان وەڵامم پێ دەگوتەوە، وتی بەخوا برا تۆ دکتۆریت!

لە راستیشدا من دکتۆری طوبی نیم و تەقەی سەرم دێت، بەڵام ئاسمان بەرزو زەوی سەخت.

**( وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ۚ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا)** الأسراء ٣٦

===

**برادەرێکی مولحید ١٥ ساڵ موناقەشەی دینی لەگەڵدا دەکردم!**

هەموجار هێورم دەکردەوە کە توڕە دەبو! هەرچی نمونەم بۆ دەهێنایەوە سودی نەبو!

ماوەیەك پێش ئێستە وتی: ئیسلام دینی شەڕە!

وتم:وا نیە!

وتی: چۆن وا نیه!

وتم: ئەگەر وا بوایە دەبوایە تۆ یەکەم مسوڵمان بیت! چون تۆ زۆر شەڕەنگێزی!

سبەی تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: سوێند بەخوا ئەو وشە بو بە مایەی گۆڕانکاری لە ژیانمدا، کە تا ئێستە دڵی هەزار کەسم لە خۆم یەشاندوە! هەتا دایك و باوکی خۆشم!! وەعد بێت تا مردن لەسەر نوێژ بەردەوام بم و چیتر موناقەشەش نەکەم.

وتم: دەستت خۆش و لاپەڕەیەکی چاکت هەڵداوەتەوە.

وتی: توخوا لە دڵەوە گەردەنم ئازادکە.

وتم: گەردەنت ئازاد بێت بە مەرجێك شەڕبەکەس نەفرۆشی بەناوی دینەوە.

وتی: هیلاك بوم بەدەست شەڕەنگێزیەوە، ئیتر بە نوێژو قورئان خۆم هێور دەکەمەوە!

وتی: یەك داواکاریشم هەیە بەڵام با کەس نەزانێت، ئەویش ئەوەیە خێزانیشم هەمان بۆچونی منی بۆ دروست بوەو پێمان خۆشە تۆ لێکمان مارەبکەیت.

منیش وتم: سەرچاو وە دەبێت هەم عەقدی ئیسلامەکەو عەقدی زەوجەکەش پارێزگاری لێ بکەیت!

وتی رێك وا دەکەم.

===

**ئەنجامی تاوان**

قەت بەم شێوەیە سەیری ئیسلامت کردوە؟!

ئەگەر لە دڵیشتا مەیلت بەلای ستەمدا بڕوات سزا دەدرێت لەسەری! چ جای ستەمە فیزیکیەکان!

هاوەڵێکی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: هەرکات تاوانم بکردایە بە ژنەکەم و کەرەکەمدا دەمزانی تاوانم کردوە!

دەڵێ: کە ژنەکەم لە خۆڕای کێشەی بۆ دروست دەکردم، دەمزانی ئەنجامی تاوانێکە، کە کەرەکەم سواری دەبوم و لە خۆیەوە هەڵی ئەتۆراند دەمزانی ئەوە ئەنجامی تاوانە گەرنا کەر پێشتر عەیبی نەبو!

ژنی کورد مەگەر کەمی پیاوەکان هەمویان گیریان خواردوە بە دەستیانەوە، هەشە ژنەکە بە پێچەوانەوە!

پیاوێك تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ سوڵحی بەینی خۆی و ژنەکەی، وتی ژنەکەم لە دەوام هاتومەتەوە لەبری پێشوازی گەرم حەیای

بردم، وتم لە کویێ ئیش دەکەیت، وتی لە شارەوانی، وتم سوێندم بۆ بخۆ ئەمڕۆ بە باشی ئیشت کردوە لە شارەوانی و مەعمەلاتی خەڵکت پەك نەخستوە؟ وتی واللهی ئەمڕۆ هەربەناو لە دائیرە بووم، هەر خەریکی فەیسبوك بوم و ئیشێکی وام نەکرد، وتم ئەی دەستی براژنم خۆش بێت بەخوا حەقە چێشتەکە بکات بەسەرتا.

رۆژی سەد دەعام دەبێت دەڵێن خەتای جادەکانە، ئەی بۆ ناڵێن خەتای تاوانەو وەك کەرەکە هەڵەتۆڕێنێت.

یەژێ بۆ ئەوروپیەکان ژیانیان خۆشە، وتم کاکە ئەو بەیانی تا ئێوارە وە دەمی خەڵکەوە پێ دەکەنێت و تۆش مۆڕە دەکەیت! ئەی خۆ خوا زاڵم نی یە پاداشتی ئەداتۆو ژیانی خۆش دەکات.

خۆشبەحاڵی ئەوانەی توشی نارەحەتی دەبن و ئەنجامەکەشی تاوان نی یە، ئەوە بەرزترین پلەی ئیمان و تاقیکردنەوەیە، وەك پێغەمبەران و زۆر لە پیاوچاکان، بەڵام ئێمە هێشتا بە دەست تاوانی خۆمانەوە دەناڵێنن.

گەر ویستت زۆر بە قوڵی لەم دەقە تێبگەیت، بڕۆ هەرچی وشەی زوڵمە لە قورئان و حەدیسدا هەیە دەری بهێنەو سەیری بکە، ئەوسا دەبینی ئەم ئیسلامە چەند عەزیمە.

ئەوەش چەند دانەیەك بە نمونە..

**(وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ)** هود ١١٣

**( إِنَّ اللّهَ لاَ يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئاً)** يونس ٤٤

**(إِنَّ الظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)** صحيح مسلم

( **يا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته بينكم محرما فلا تظالموا)** مسلم

**حەرام و حەڵاڵ.**

لە لەندەن قوتابی بوم، دوای تەوابونی تێرمەکان سوکە ئاهەنگێك دەگێڕدرا، برادەرێکم جارێکیان وتی: با بڕۆین ئەگەر خۆش بو دادەنیشین، ئەگەر ناخۆش بو دێینەوە دەڵێین حەرامە.
وتم کاکە گیان وا نابێت، نە حەڵاڵی و حەرامی بە مەزاجە، نە کافرێتی و مسوڵمانێتی.
حەرام هەر حەرامەو ستەم هەر ستەمە ئەگەر بکەرەکەی هەر کەسێك بێت.

سزاکانی قورئانیش بۆ مسوڵمان دانراوە، ستەم و ستەمکاری و حەقوناس زۆر گەورەیە لە دیندا، دەبێتە تاریکی لە قیامەتدا.

دژی ئۆردوغان هەرچیت هەیە بیڵێ وەك ستەم، بەڵام دینەکەی ئۆردوغان دینی منیشە، بەهۆی ستەمەوە بازنەی دوژمنەکانی خۆت هەرگیز فراوان مەکە.

**وتەی پەیوەندیدار**

کە لە رێگەی راست لاتدا! یەکسەر دەکەویتە ناو درك و داڵ.

===

حەرامکراوەکانی ئیسلام لە حەرامکراوەکانی عورف کەمترێکە.

===

دونیا وەك فلیمێك سەیر بکەو باشترین و مهیرەبانترین دەور بەخۆت ببەخشە.

===

کێشانی هێڵی حەرام بە دەنگی ٥١ بە ٤٩ نەبووە! بەخوای ١٠٠ لە ١٠٠ بووە.

===

هاوەڵانی پێغەمبەر بە قوربانی دانە بە دانەیان بم حەڵاڵیان بۆ یەکتر ئاسان دەکردو حەرامیان قورس دەکرد.

===

مرۆڤ لە کۆمپیوتەر زیرەکترە، کەوابوو وا بەرمەجەی بکە ڤایرۆس و حەرام قبوڵ نەکات.

===

بەرانبەر ١ حەرام چەندین بەدیلی حەڵاڵ هەیە! ئیتر تۆ چیت دەوێت؟!

===

ئازادی لە چوارچێوەی موباحدایە، حەرام هێڵی سورە.

===

لوتتان بچوك مەکەنەوە گوناحەکانتان بچوك بکەنەوە!

===

کردەوە شاهیدی لەسەر دڵ دەدات!

===

باپیرم دەیگوت من مردو تۆ زیندو، واتە لەبیرت بێت!

ئێستە ئەو مردوەو من زیندوم بیر لە قسەکانی دەکەمەوە.

===

دەڵێ ناچم بۆ مزگەوت فڵانە کەسی خراپی تیایە! کەچی ئەچی بۆ قومارخانە کەسی باشی تیا نی یە!

===

کەسی سەرکەوتوو بەردەوام دوو ئیشی هەیە، یەکێکیان مادی و بۆ بژێوی، ئەوی تریان بۆ خێرو خێرخوازی.

===

منداڵ ون ببێت بانگەوازی بۆ دەکەین و دەیدۆزینەوە، وەی بە حاڵی گەورە کە ون ببێت.

===

سنوری دین لە هەموو سنورە یاساییەکانی دونیا فراوانترە!

باپەند دەبین بە یاساوە لە ترسی غەرامە! باپەند نابین بە دین بە بیانوی ئازادی.

===

باپیرم تەزبیحەکەی بە دەستەوە بوو  هاواری ئەکرد کوا تەزبیحەکەم! زۆرکەس هەموو کەرەستەیەکی خۆشبەختی بە دەستەو  هەر  هاواریش ئەکات!

===

خۆشبەختی خۆ پرۆگرامی کۆمپیوتەر نی یەو داونلۆد بکرێتە ناخت، دەبێت خۆت دروستی بکەیت.

===

کاری خراپە بە کەم مەگرە، یەك خاڵی رەش لە سەر پەردەیەکی گەورەی سپی دیارە.

===

رۆژێك دێت بەرهەمی هیلاکگەرێك ئەچنیتەوە کە چاوەڕێی نەبوویت، بۆیە کاری چاکە هەردەم پێش بخە.

===

هەتا ئەتوانی لە رێگەی مەشروعدا خۆت هیلاك بکە، بەرهەمەکەی مسۆگەرە.

===

دەستکەوتێك گەر مەشروعیەتی نەبووەو دەستت نەکەوتووە دڵت پێی خۆش بێت.

===

ستەمت لێ بکرێت لەوە باشترە کە تۆ ستەم بکەیت، چوون ستەم قەرزێکەو هەردەبێت بدرێتەوە.

===

گەر گەشت و گەڕانی وڵاتان ناسینی خاڵقەکەیت بۆ نەسەلمێنێ، ئەوە تۆ تەنها پێڵاوت دڕاندووە!

===

خۆ پەروەردە وەزارەتی هەیە! زانستەکە نەما ئەی کوا پەروەردە؟

===

بە زۆرینەو دەنگدان نیە! سەرکەوتوەکان هەردەم کەمینەن.

===

شەهادەی زانستی ناخوات لە (DBS) بەبێ شەهادەی ئەخلاق!
بەریتانیا

===

بیرکردنەوەت بگۆڕە ژیانت دەگۆڕێت، دینیش داوای ئەوەت لێ دەکات!
أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ.

===

کەسێك پێدەزانم دەتوانێت ژیانت بە تەواوی بگۆڕێت!
ئەوکەسەش تەنها خۆتیت!

===

ڕەگەزی خۆی گۆڕیوە لە نێرەوە بۆ مێ و لە مێوە بۆ نێر،
گیراوە خراوەتە زیندان، زیندان بە پێی تۆماری نفوس
مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، واتە نێرەکە دەخاتە لای نێرەکان و
مێکانی دەخاتە لای مێکان!
کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئێستە پۆلیسەکان هاوار دەکەن و دەڵێن

دەستدرێژیان دەكرێتە سەر!

ئەوروپیەكانیش كە لێیان دەپرسم دەڵێم باشە ئەمەتان بەلاوە چۆنە؟ دەترسن لە یاسا ناوێرن هیچ بڵێن سەرێك و دەستێك بادەدەن، وەك بڵێی ئەوە نە مێشكەو نە وەزعە بەدەستی ئەمانەوە!

بژاردەكانی ئیسلام هەردەم باشترینن.

==

لە رۆژنامەی ئاوێنەی بەریتانی خوێندمەوە

(Daily Mirror)

كوڕێكی ئێرانی دینەكەی خۆی گۆڕیوە بۆ مەسیحی بە بیانوی ئەوەی ئیسلام توندوتیژی تێدایە، وەزارەتی كۆچ و كۆچبەرانیش ڕەفزیان پێداوەو نوسیویانە بۆی لە ئینجلیشدا دەقی توندوتیژی هەیە، هەندێكیان وەك بەڵگەش نیشان داوە!

ئەوەیە ماڵ وێرانی، نەمدەزانی پێبكەنم یان بگریم كە دەمخوێندەوە!

===

زیاتر لە ٥٠٠٠ كورد لە زینداندان لە بەریتانیا!

دانە دانەیەكی نەبێت، هەموی لەسەر ئەو كێشانە زیندانن كە لە

دینیشدا حەرامکراوە!
دەبینی ئیسلام چۆن بۆ ئەم سەردەمە دەشێت!
**(وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا)**
ئەوەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێ ی دان وەریبگرن وە ئەوەی لێتانی قەدەغە کرد وازی لێ بێنن.

===

قوتابیە تەمبەڵەکان راسب دەبون! شەو پەنجەرەی قوتابخانەکانیان دەشکاند!
مرۆڤە تەمبەڵەکانیش دینیان بۆ پەیڕەو ناکرێت بەرد دەگرنە قورئان!

===

لە ڕۆژنامەی
Telegraph
ی بەریتانیادا هاتوە، ئیسلام دەبێتە گەورەترین دینی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٧٠.

===

لەDaily Mail ی

ی بەریتانیادا هاتوە، ئیسلام خێراترین دینە لەسەر زەویدا، بۆ کۆتایی ئەم سەدە دەبێتە یەکەم دین لە جیهاندا.

===

سنورەکان دەستکردن! هەموو سەر زەوی موڵکی خوایە.

===

تۆ ٤ گومانت لە دینەکەی من هەیە من ٤٠٠ گومانم لە بێ دینیەکەی تۆ هەیە!

===

نرخی تەواوی خۆی لەسەر ئیسلامەکەت دابنێ، تا بە تەقلید لێی تێنەگەن!

===

لە کەسابەتدا بخەڵەتێیت دواتر بە ئیشکردن قەرەبو دەکرێتەوە! قوڕ بەسەر ئەوەی لە دیندا دەخەڵەتێت!

===

هەرچیت پێ بدەن لە بەرانبەر ئیسلامدا تۆ زەرەرت کردوە!
هەرگیز مامەڵەی وا مەکەن!

===

هەڵەیە سیفەتی دین بدرێتە پاڵ تاوان، دین سزای بۆ تاوانبار داناوە.

===

برغوی ئیمان ڕێکی دڵەکان دروستکراوە!
ئێمە پێچەوانە بای دەدەین!

===

ئەم مرۆڤە چ بونەوەرێکە! ٤ رۆژ لەسەر زەوی دەژی تەحلیلی ٤ ملیۆن ساڵی دەوێت! سەیری ئاسمان بکەو سەر بخە سەر زەوی.

===

ئەگەر بەدوای بیانودا بگەڕێی! بیانو بۆ بێ دینی و خراپە ئێجگار زۆرە!

===

بەها بەرزە ئیسلامیەکان، هیچی تەرازوی دونیا ناتوانێت بیخوێنێتەوە.

===

نیعمەتی ئیسلام بە وشە پێناسە ناکرێت!ئەو دڵە تێدەگات کە تێیدا جێگیر بووە.

===

کێبەرکێی حەق و باطل هەر بەردەوام دەبێت، کرنگ ئەوەیە تۆ لە چ بەرەیەکدایت!

===

ئەگەر بیناسیت خۆشت دەوێت (اللّٰه)

===

هەموو هەینیەك سەیری بالانسی چاکەکانی حەفتەت بکەو بە خوێندنی سورەتی کەهف شوکری خوای لەسەر بکە.

===

هیچ هێزێك وەك ئیسلام هاوسەنگی نەپاراستووە لە نێوان: جەستە، رۆح، ژیری، دەرون، دڵ.

===

هەرگیز بەم شێوە سەیری قورئانت کردوە؟
قورئان بکە بە ٢٠ بەشەوە، یەك باشی باسی کارو کردەوەو چۆنیەتی عیبادەت دەکات، باقی هەموی باس و خواستی دادگەری و شێوازی دادگەریە.

===

پلاتفۆڕمی گرێدان:

پاکێجێکی ٦ خاڵی.

پاکێجێکی ٥ خاڵی.

(ئەرکانی ئیمان. ئەرکانی ئیسلام)

===

گەر دڵ باش بو، باقی جەستەش باش دەبێت

(محمد. صل الله علیه وسلم)

===

خۆشبەختی پەیوەستە بە دڵ نەك جێگە! دڵ جێگەی بایەخی ئیسلامە.

===

ئیسلام سەرمایەیەکی گەورەی مرۆییە.

===

ئەگەر دەتەوێت ژیانێکی ئاسودەت هەبێت، ڕق و کینە لە دڵت بهێنەرە دەرەوە.

===

ئەگەر هەڵە بکەیت لە لێخۆش بوندا، باشترە لەوەی هەڵە بکەیت لە سزا داندا.

===

ئایەتەکانی ئەحکام لە قورئاندا پایە سەرەکیەکانی سیاسەتە!

===

ئەخلاقی سیاسی ئیسلامی ڕونە! بۆ نمونە گەندەڵی حەرامە! عقوبەی دونیایی و قیامەتیشی هەیە.

==

براوە بە دەنگ نیە، زۆر کەس ئەوکاتە دۆڕا کە زۆرینەی دەنگی هێناو پلەکەی وەرگرت!

===

سیاسەت بە نیەتی کەسابەت خیانەتە.

===

بە شەوق و خۆشی و خۆشەویستیەوە ڕوبکەرە خوا.

===

تۆ یەك دڵت هەیە! دودڵی یەعنی چی! بە یەقینەوە خوا بپەرستە.

===

گومانی خراپ وەك كرم وایە، گەر دەری نەكەیت زاوزێ دەكات!

===

ڕق و حەسودی نەخۆشی دەرونین! پێویستە خۆتی لێ ڕزگار بكەیت.

===

كەسێك شایستەی ئیمان نەبێت خوای گەورە پێی نادات. گەر شایستە بوبێتی دڵت پێی خۆش بێت.

===

زو،یان درەنگی،نە دەزانیت نە بەدەستی خۆتە! مردن ئامادەبە بۆی.

===

ڕۆژ،حەفتە،مانگ،ساڵ،تێدەپەڕێت! لە كۆتایشدا تۆ!بەڵێ تۆ دەڵێم تۆ!

===

لە سەدا ٧ی سەرزەوی بێ باوەڕە یان گومانیان لە بونی خوا هەیە، ئەوانیش دەبن بە حەوت بەشەوە! واتە حەوت جۆرن، کەچی دەڵێن ئیسلام جیاوازی تێدایە!

Seven Types of Atheism[1]

===

لە سەدا ٩٣ی خەڵکی سەر زەوی باوەڕیان بە بونی خوا هەیە، ئەوانەی گومانیان هەیە یان باوەڕیان نی یە هەموی پێکەوە لە سەدا حەوتە!

atheists and agnostics worldwide 7% of the world's population[2]

===

---

[1] https://www.theguardian.com/books/2018/apr/11/seven-types-atheism-john-gray-review-atheist-believer-material-world?fbclid=IwAR2wNgasEK5GI_3IyzcqJz60eUxGjwubxGdkz9-6nvkHQIxNk4XZeMal-FI

[2] https://en.wikipedia.org/wiki/Demographics_of_atheism?fbclid=IwAR2DOEbtZwzaZ9Utyi2HQHCeeoAchj5MvbfDH8zgIh9tw3Cq7MkPQnPoTAI

**مامۆستایەکم پرۆفیسۆرە لە زمانی عەرەبی و ئەدەب و نەقدی عەرەبیدا.**

١٧ ساڵ مامۆستای زانکۆی سلێمانی بوە، پێش دامەزراندنی زانکۆی سەلاحەدین!

لە دەستەی دامەزرێنەری زانکۆی سەلاحەدین بوە!

لە چەندین زانکۆی جیهان مامۆستا بوە، وەك یەمەن، پاکستان، هندستان، لە کۆتایدا بەریتانیا لە بەشی سکۆتلاندو بەشی وەیڵز.

ئێستە خانەنشینە، دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ خزمەتی زانکۆیی.

کە باس و خواستی قورئان پێکەوە دەکەین، بەشێوەیەك باسی دەکات دەڵێی هێشتا پۆلی یەکی سەرەتاییە لە چاو قورئاندا.

کەچی هەیە لەولاوە دێت نە عەرەبی دەزانیت، نە بۆ جارێکیش قورئانی خوێندوە دەڵێ قورئان چی یە!

مرۆڤ کە خۆی هیچ بو، هەر بە هیچی قورئان دەبینێت.

کتێبەکانی مامۆستاکەم لە ئەمەریکاو بەریتانیا بە گران دەفرۆشریت، کۆتا کتێبی لەسەر ژیانی رۆحانی پێغەمبەر

درودی خوای لەسەر بێت، لەم لینکەدا سەیری بکەن، بەڵام نەیکڕن، چون ئەوە بۆ ئینگلیز زانی زۆر گەورەیە نەك بۆ زانستی سەرەتایی، ئەوەش لینکی کتێبەکەی کە لە ئەمەزۆن دانراوە.

[https://www.amazon.com/Inspired-Life-Prophet-Muhammad-PBUH/dp/B005FYEYUI](https://www.amazon.com/Inspired-Life-Prophet-Muhammad-PBUH/dp/B005FYEYUI)

===

**پەروەردەی ویژدان!**

هەرگیز بەم شێوە سەیری قورئانت کردوە؟

با ڕق و کینەتان لە دەستەو کۆمەڵێك هانتان نەدا لەسەر ئەوەی دادگەر نەبن، دادگەر بن ئەوە نزیکترە لە تەقواوە.

**{وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا ۚ اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ}** المائدة ٨

چەمکەکانی دادگەری لە قورئاندا پایەی ئاسنینن.

===

**٣ جۆر بەدبەختی لە قورئاندا.**

١-مَهِينٌ-ڕیسواکەر.

ئەم بەد بەختیە بەهۆی بێ باوەڕیەوەیە، کە ئایەتەکانی قورئان بە درۆ دەخاتەوە.

نمونەی ئەم جۆرە لە قیامەتدا هەر ئەوە نی یە سزا بدرێن، ریسواش دەکرێن.

سەیری قورئان سورەتی الحج ئایەتی ٥٧ بکە.

٢-أَلِيمٌ-بەئازار.

ئەم بەد بەختیە بەهۆی پەیمان شکاندن و بازرگانی کردن بە پەیمانەوەیە، بە تایبەت پەیمان شکاندن لەگەڵ خوای گەورەدا.

نمونەی ئەم جۆرە لە قیامەتدا هەر ئەوە نی یە سزا بدرێن، بەڵکو تەریقیش دەکرێنەوە کە پەیمان شکێن بوە.

سەیری قورئان سورەتی ال عمران ئایەتی ٧٧ بکە.

٣- مُّقِيمٌ-مانەوەی بەردەوام.

ئەم بەدبەختیە بۆ ئەوانەیە کە باوەڕیان نەبوەو بەردەوام بون لەسەر بێ باوەڕی تا مردن، هەرچیان هەبو بێت لە دەستیان دەرچوەو چەندینیشی بێتە سەر لە جەهەنەم دەریان ناکات.

نمونەی ئەم جۆرە لە قیامەتەدا هەر ئەوە نی یە سزا بدرێن بەڵکۆ خەم و خەفەتێکی زۆریشی لەگەڵدایە کە هەرچی هەبوەو لە دەستی چوەو سودی بۆی نەبوە، لە کاتێکدا لە دونیادا دزی و گەندەڵی و زۆر شتی بۆ کردوە تا کۆی کردوەتەوە.

سەیری قورئان سورەتی المائدة ئایەتی ٣٦و ٣٧ بکە.

مرۆڤ لە یەك کاتدا دەتوانێت هەر لە ئێستەوە خۆی چاك بکات و خۆی بەدور بگرێت لەو سیفەتانە، ئەگەر نەشیەوێت ئەوسا پارەوپولەکەی لە دەست دەچێت و لوتیشی دەشکێنرێت.

بۆ ڕزگاربون لە یەك کێشەی دونیایی چەندین ڕێگە دەگرینە بەر، دەتوانین بۆ ڕزگاربون لەم کێشە هەمیشەییانە، ڕێگای ئیسلام بگرینە بەر، دەتەوێت یان ناتەوێت، گوفتارەکان و کردارەکانت وەڵامی دەداتەوە.

===

**٣ جۆر سەرکەوتن لە قورئاندا.**

١-عَظِیم-گەورە، بە فەخرو شانازیەوە.

ئەم سەرکەوتنە بەدەست دێت بەهۆی گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەوە، درودی خوای لەسەر بێت.

نمونەی ئەم جۆرە سەرکەوتنە وەك ئەوە وایە، کەسێك لە خوێندندا پلەی ئیمتیازی بەدەستهێنابێت، هەر ئەوە نی یە دەرچو بێت, بەڵکو پلەکەی فەخری تێدایە.

سەیری قورئان سورەتی الاحزاب ئایەتی ٧١ بکە.

٢-کَبِیر-گەورە.

ئەم سەرکەوتنە بەدەست دێت بەهۆی کردەوەی چاك و وەرگرتنی هیدایەتی خوایی کە قورئانە.

نمونەی ئەمە وەك ئەوە وایە لە ئەوائیلەکان بوبێتی.

سەیری قورئان سورەتی الأسراء ئایەتی ٧ بکە.

٣-مُبِينُ-ڕون و ئاشکرا.

ئەم سەرکەوتنە بەدەست دێت بەهۆی یەکخواناسی و ترسان لە جەهەنم.

سەیری قورئان سورەتی الأنعام ئایەتی ١٤تا ١٦ بکە.

نمونەی ئەمە وەك ئەوە وایە هێشتا نەتیجەشت وەرنەگرتوە، بەڵام ڕون ڕونە کە دەردەچیت، چون دەزانیت چۆن جوابت داوەتەوە.

مرۆڤ لە یەك کاتدا دەتوانێت هەر ٣ سەرکەوتنەکە بەدەست بهێنێت.

چۆن؟

سەعی بۆ بکەن...هەوڵی بۆ بدەن...خۆتانی بۆ ماندوبکەن...

بۆ یەك سەركەوتنی دونیا شەونخونی دەكێشین، ئایە ئەمە شایستەی شەونخونی و هەوڵی زیاتر نی یە؟ پرسیارێكەو وەڵامەكەی كردەوەكانی تۆ دەیداتەوە...

===

**عومەر عەلی و بەرپرسێكی حیزبی لە هەولێر (گفتوگۆیەكی هێمن)**

دەتوانرێت بوترێت یاساو ڕێنومابیە شەرعیەكان وەك یاساو ڕێنومابییەكانی هاتوچۆ وایە. كاتێك بەناوی شەرعەوە جادەكان قیرتاو نەبێت و تاسەو چاڵی تێدا هەبو، ئەوە شەرع سزای بۆ داناوە، چون لە شەرعدا دڕكێك لە ڕێگەدا دابنرێت ئەوە تاوانباریەو لابردنیشی بەشێكە لە ئیمان، وە چاڵیش لە غەش و فێڵە، هەمو ئەمانە بە دەق رێگری لێ كراوە.

كاتێك كەسێكیش پشت لە یاساو ڕینومابییەكان بكات لە روی یاساوە سزای بۆ دانراوەو لە روی شەریعیشەوە تاوانبارە، چون كەسێك خێراتر ڕۆشت، زیاد لە حەدی خۆی، دەچیتە چوارچێوەی تەهلوكەوە، گەر توشی حادیسەش بو، دور نی یە حسابی خۆ كوژیشی بۆ بكرێت، كە هەم خود كوژی و كوشتنی ناحەقی بەرانبەر سزای سەختی بۆ دانراوە.

گەر دەستەڵات کەمتەرخەم بو لە گرنگیدان بە ڕێگەوبان لە ڕوی شەرعەوە تاوانبارە، چون ئەوە حەقی دەوڵەتە، هاوڵاتیش گەر حەقی ڕێگەوبانی نەدا ئەوسا ئەویش تاوانبارە.

نابێت کەس لە بەرپرسیاریەتی خۆی خۆی بدزێتەوە، بۆ نمونە گەر دەستەڵات کەمتەرخەم بو لەوەی جادەوبانیش بەباشی قیرتاو بکات دەبێت هاوڵاتی هەر ئاگای لە خۆی بێت، چون خێرا لێخوڕین دواتر باجەکەی هەم خوێنی خۆی و هەمیش کەسی بەرانبەرە، چەند نا حاڵین ئەو کەسانەی بێ باکانە پێ لە سەیارە دەنێن و وەك تەیارە باڵی پێ دەگرنەوە، دواتر دەڵێن خەتای حکومەت بو کاکە جادەکە خراپە!

ڕێك نمونەی ئەو دکتۆرەم دێتە پێش چاو کە بۆ ئازاری زگی کەسێك قەترەی چاوی نوسی بو! کابرای نەخۆش وتبوی بە دکتۆر، دکتۆر گیان من خۆم پێت دەڵێم نانی سوتاوم خواردوە بۆیە زگم دێشێ، کەچی تۆ قەترەم بۆ دەنوسیت! ئەویش وتبوی ئاخر ئەگەر چاوت هەبوایە نانی سوتاوت نەدەخوارد.

کەسانێك ڕەخنە لە کەسایەتیەکی ئیسلامی دەگرن لەوەی لە جێگەیەکدا پەیڕەوی شەرعی نەکردبێت گەر ئەو باشتری پێ بێت ئاساییە لای من، بەڵام وەك بیانویەك بێت بۆ ئەوەی ئەمیش

خێراتر لێبخورێت، ئەوە دواتر سەری خۆی لەناو دەبات، ئیتر با دواتر خەڵکیش هەموی بڵێن کاکە خەتای جادەکە بو.

مرۆڤ خوای گەورە ئەقڵی پێداوەو شەریعەشی بۆ ناردوە، ئەگەر بەرپرس بو، وە پەیڕەوی نەکرد، ئەوە بەپێی بەرپرسیاریەتیەکی تاوانبارە، ئەگەر رەعیەتیش بو، بەپێی بەرپرسیاریەتیەکەی خۆی تاوانبارە، لە قیامەتیشدا کەس تاوانی کەس هەڵناگرێت.

پێغەمبەرمان هەیە ژنەکەی خراپەکار بوە، یان کوڕەکەی، فیرعەونیش ژنەکەی چاك بوەو چەندین نەوەی خراپەکارەکانیش هەبوە باش بون.

من دەتوانم یەك هەزار بیانو بدۆزمەوە بۆ ئەوەی کاری خراپە بکەم، ئەسڵەن بیانوەکان زۆرترن، بەڵام مرۆڤ دەبێت راستگۆ بێت، راستگۆ لەگەڵ خودی خۆی، خراپترین جۆری درۆ ئەوەیە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا درۆ بکات.

بەرپرسە خۆی سور دەزانێت خراپەکارە، بۆ ئەوەی خراپەکانی خۆی بشارێتەوە، باسی لەخۆی خراپتر دەکات، یان دۆخەکە

بەشێوەیەك تێك دەدات، تا خراپەكانی بەدەرنەكەوێت، لە شەرقدا بە گشتی سود لە ئاوی لێڵ وەردەگرن، هەركەس دێت بۆ ئەوەی ماسی گەورەتر بگرێت، زیاتر ئاوەكە لێڵ دەكات، ناتوانن هونەری ماسی گرتن فێربن و بە زیرەكی ماسی بگرن و ئاوەكەش بە پاكی بمێنێتەوە، دێن هەم ئاوەكە پیس دەكەن و قومبەلەش دەخەنە ناو ئاوەكە، چەند ماسیەكی گەورەی حەرامیان دەست دەكەوێت، بەڵام سەدان ماسی وردە لەو نێوەندەدا هەروا بە فیڕۆش دەڕوات.

سەیری قورئان بكەن چەند جوان دەمانخاتە مەوقیفەوە، ناخمان دەجوڵێنێت و ئەو پرسیارەی كە لە ئیمتیحاندا دێتەوە هەر لە ئێستەوە پێمان دەڵێ، ئەویش ئەوەیە **(وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا)** مریم ٩٥ لە رۆژی قیامەتدا هاشەو هوشەو حیزب و قەرەباڵغی و ئەمانە نی یە، بەتاك دەچنە بەردەست ئەحكەمول حاكمین، پێت دەڵێ ئادەی عومەر عەلی تۆ چیت كرد؟ دەستەڵاتێكی زۆرمان پێدابویت، چۆن بەكارت هێنا؟ دەستەڵات هەر ئەوە نی یە توانای مل پەڕاندنی خەڵكت هەبێت، تۆ زۆر توانات هەبو، ئیمكانیەتی زۆرت لەبەردەستدا بو، چیت كرد بۆ ئەم رۆژە؟ ئەنتەرنێتت لەبەردەستدا بو، كۆمپیوتەر، لاپتۆپ، ئایفۆن، چۆن بەكارت هێنا؟ سەدان وڵات دەگەڕایت بە ئازادی و چویتە ئەم وڵاتانە چ كارێكت كرد! بۆ دەزگایەك كارت دەكردو ئەو ئاگای لێت نەبو كارتی بەنكەكەیت پێ بو چۆن

بەكارت دەهێنا؟ لە دەیان جێگە كارت دەكرد خەڵكانێك لەژێر دەستدا بون، چۆن مامەڵەت لەگەڵ ئەو عەبدانەی مندا دەكرد!
خوایە گیان سەدام زۆر كەسێكی زاڵم بو! كورە لەو وڵاتانە خراپەی دونیای تێدا بو! لەسەر كارەكان پڕبو لە خراپە! .....ئەمە هەموی قسەی هیچەو خۆلادانە لە پرسیارەكان! وەڵامی پرسیارەكان نی یە! لێگەڕی سەدام خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە، هەركەس مەسولە لەسەر خودی خۆی، تۆ وەڵامی پرسیاری خۆت بدەرەوە؟ ئەو ماوەیە كە ژیایت لەبەرانبەر ئەو هەمو نیعمەت و پێداوانە چیت كرد!
یەك ستەمت كردبێت لەوێدا دەبێتە تاریكی بۆت! **(اتقوا الظلم فإن الظلم ظلمات يوم القيامة)** صحيح البخاری، بترسن لە ستەم، چون بێگومان ستەم دەبێتە تاریكی لە قیامەتدا، ستەم لە كێ؟ لە خودی خۆت، لە هەركەسێك، لە هەرچشتێك كە تۆ توانات بەسەریدا هەبوە، بەخوا قەسەم نەقیزەیەك بەناحەق بژەنیت بە كەرێكەوە لە قیامەتدا حەقت لێ دەكەنەوە، ئەو كەر بو خۆ تۆ بەشەر بویت!

دوای بەستنی كۆڕێك لە هەولیر بەناوی ئەنفالی سەدام و ئەنفالی قورئان، مەسولێك پەیوەندی كرد، كە كۆڕەكەی لە كەناڵی سروشت دیوەو گفتوگۆ بەم شێوەیە دەستی پێكرد:
بەرپرس: سڵاو دەتوانم لەگەڵ دكتۆر عومەر عەلی قسە بكەم؟
عومەر عەلی: فەرمو برا گیان بۆ خۆم عومەر عەلی م و لە خزمەتتاندام.

بەرپرس: راستی هەر پێش کەمێك لە کەناڵی سروشت ئێوەم دی، پێم خۆش بو گەر دەرفەت هەبێت یەك ببینین نەك بە تەلەفۆن.
عومەر عەلی: جا چی ئاسانە هەر ئەوە ئاسانە، خۆ من ئیستعلامات و سکرتێرەو پاسەوان و تەلبەنم نی یە تا نەتوانن، هەمو رۆژێك بە نەعلێکەوە دەچم بۆ مزگەوت و ئێواران دەچم بۆ پیاسەی بازاڕ، شەو شەو نشینی دەکەم، ئەسڵەن ئەگەر لە شارەکەی ئێمە بیت رۆژی ٢ بۆ ٣ جار لای ماڵمانەوە بڕۆیت لوتت ئەتەقێ پێما، جاری وا هەیە نیو سەعات لەگەڵ دراوسێکاندا هەر لە کۆڵانەکاندا دەمەتەقە دەکەین پێکەوە.
بەرپرس: هەهە قسەت خۆشە، دکتۆر گیان من لە هەولێرەوە تەلەفۆن دەکەم و پێم خۆشە بێن بۆ ئۆفسەکەی من و پێکەوە کاتێکمان هەبێت و قسە بکەین.
عومەر عەلی: زۆر ئاساییە من ئەم چوار شەممەیە دێمە هەولێرو پێم خۆشە ئێوە تەشریف بهێنن بۆ ئۆفیسەکەی من لە هەولێر!
بەرپرس: تۆ ئۆفیست هەیە لە هەولێر! ناوەکەیم پێ بڵێ؟
عومەر عەلی: سەدان ئۆفیسم هەیە لە هەولێرو لە هەرجێگەیەکی هەولێر بیت ناونیشانی نزیکترن ئۆفیست پێ دەدەم.
بەرپرس: جا ئەمینە جێگەکە کێشەی نی یە؟
عومەر عەلی: بەڵێ زۆریش ئەمینە، لەسەر قوطعەکەشی نوسراوە ئەمین (**ادْخُلُوهَا بِسَلَامٍ آمِنِينَ**) الحجر ٤٦.
بەرپرس: ئەوە ناوە؟ عەرەبیە وایە؟

عومەر عەلی: ئەوە ئایەتی قورئانە برا گیان، لە زۆربەی مزگەوتەکاندا لەسەری نوسراوە.
بەرپرس: یەعنی لە مزگەوت دابنیشین، ئەوە کەی ئۆفیسە!
عومەر عەلی: لە ئۆفیس باشترەو وە جێگەیەکی موبارەکە، ماڵی هەمو کەسێکەو منەتی تێدا نی یە، رۆژی ٤ شەممە لەوێ یەك دەبینین.
بەرپرس: بەڵام بۆ من گونجاو نی یە!
عومەر عەلی: گوێ لەمن بگرە، ئەم فکرەت پێ دەڵێم و تاقی بکەرەوە، ئەو رۆژە جلێکی کۆن یان هەر شەرواڵ و قەمیسێك بکەرە بەرت، کڵاوێك بکە سەرت و بە تەکسی وەرە، کەس ناتناسێت و سەیری خەڵك مەکە ئاسای وەرە، هەرچیت بەسەر هات بیخە سەر من!
بەرپرس: هههه، واللەی تۆ زۆر خۆشیت لە فلیمیشدا شتی وام نەدیوە.
عومەر عەلی: دەبێتە یادگاریەکی خۆش لە ژیانتا، لەوانەیە بۆ ئێستەودواش سودی لێ وەرگریت.
بەرپرس: باشە تەواو قبوڵمەو تەلەفۆن لە بەینماندا دەبێت و یەك دەبینین ٤ شەممە.

**٤ شەممە**

عومەر عەلی: لە سەوزە گیای حەوشەی مزگەوتدا دانیشتبوم، بەرپرس خۆی کرد بە ژوردا، سەلام برام وەرە بۆ ئێرە.
بەرپرس: سڵاو کاکی دکتۆر، زۆر دڵخۆش بوم، نازانم چۆن هەستم دەربڕم، هەم ترس و هەم خۆشی لە ناخمدا کۆبوەتەوە.

عومەر عەلی: سەرچاوم برا گیان، جا بۆ دەترسی پایتەختەو ئەمینە، ئەسڵەن دەبو من بترسایەم نەك تۆ!

بەرپرس: بۆ تۆ بترسیت؟

عومەر عەلی: ئاخر کاکە ئێوە پێشینەی خراپەتان هەیە، بەڵام من ئەستۆپاکی ئاسایش و بەڵگەی بەشی بەڵگەو تاوانیشم هەیە کە هیچ شتێك تۆمار نەکراوە لەسەرم، زیانم بۆ کەس نەبوە!

بەرپرس: دەی لێرەش دابەزە سەرمان، من دەمەوێت برایانە قسە بکەین، واز لەو رەخنانە بهێنە!

عومەر عەلی: ئەگەر رەخنە لە قسەکردن هێنرایە دەرەوە، بەتایبەت لەگەڵ دەستەڵاتدا، ئەوسا دەبێتە ماستاو، نابێت دەستەڵاتیش دڵی بە ماستاوچی خۆش بێت، کوان ماستاوچیەکانی دەستەڵاتەکانی پێشو!

بەرپرس: ئاخر کاکە ئێوە هەر دان نانێن بە حکومەتداو هەر باسی خراپەکان دەکەن!

عومەر عەلی: چاکە باسکردنی ناوێت، جگە لەوەش حکومەت خۆ نابێت منەت بەسەر خەڵکدا بکات کارێکی چاك بکات، ئەوە ئەرکی حکومەتە نەك منەت.

بەرپرس: باشە با واز لەم قسانە بهێنین، من بە تایبەتی هاتوم بۆلای تۆو دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم.

عومەر عەلی: دەی ئەوەی کە وتمان هەموی هەر قسە بو، خۆ جێگەکەت باشە، لەسەر ئەم ئەرزە، سادەیی راستی ئەمەیە، نەك کامیرایەك تەسویرت بکات و دواتر بڵاوی بکەنەوە بڵێن سادەیە!

بەرپرس: هههە جا فایدەی چی خەڵك ئەمە نابینێت!

عومەر عەلی: دەبێت واز لەوە بهێنن بۆ چاوبەستی خەڵك ئیش بکەن، بە فعلی ممارەسەی سادەیی بکەن، تامی دانیشتن لەم چیمەنەی مزگەوتدا هەزار دانیشتنی کورسی دەهێنێت!
بەرپرس: واللە خۆشە هەست بە ئارامی دەکەم!
عومەر عەلی: مەگەر نەموت ئامینە جێگەکەو ئایەتەکەشم بۆ وتن!
بەرپرس: کورە حەیام نەبەیت دواتر بڵێی نەیزانیوە ئایەتی قورئانە!
عومەر عەلی: نا خەمت نەبێت من زۆر خسوسیات دەپارێزم، بیشڵێم بەشێوەیەك دەیڵێم کەس نەزانێت تۆیت، هەرگیز ناوت نابەم! دورە لە ئەخلاقیاتی منەوە ئەو شتانە.
بەرپرس: متمانەت پێ دەکەم.
عومەر عەلی: ئێمە لە جێگەی متمانەی ئێوەداین، بەڵام ئێوە لە جێگەی متمانەی ئێمەدانین!
بەرپرس: دەی ئیتر بەزمەکەت دەستپێکردەوە!
عومەر عەلی: بەزم نی یە حەقیقەتە!
بەرپرس: بەبێ پێچ و پەنا من دەمەوێت تۆ ئیش بۆ ئێمە بکەیت!
عومەر عەلی: من بە ئاسانترین شێوە هاتمە بەردەستتان بۆ ئیشکردن، ئەوەندە کێشەتان بۆ دروستکردم ناچار وازم هێنا، وە ئێستەش خۆ من هەر ئیشتان بۆ دەکەم بەڵام بەشێوەیەکی تر.
بەرپرس: کەی تۆ هاتویت بۆلای ئێمە ئیش بکەیت و ئێستە ئیشت چی یە؟

عومەر عەلی: من لە دەرەوە بوم داوایانکرد بگەڕێمەوە کوردستان و ئیش بکەم، قبوڵم کرد بە هەمو کەموکورتیەکانیشەوە، لەبری وانەی ئینگلیزی کە ئیختصاصی خۆم بو، ٥ وانەی جیاوازم دەوتەوە، لەبری نیسابی وانە وتنەوەی خۆم، حەفتانە ٣٩ کاتژمێر من وانەم دەوتەوە، هێشتاش کارێکیان لێکردم دواتر ناچار وازم هێنا، ئێستە ئیتر جارێکی تر ئێوە بە ئاسانی منتان دەست ناکەوێتەوە، چون خۆ من داشی دامەنیم هەرکات ویستان بمخۆن و هەرکات هەرکوێتان ویست دام بنێن، وە ئێستەش خۆ لەبەر خراپی ئێوە خۆم لە میللەتی خۆم دانەبڕیوە، بە کۆڕ، سیمینار، کتێب نامیلکە، رۆژنامە، هاندان، هەوڵدان ئەوەی کراوە هەرکردومە بەبێ بەرانبەریش.

بەرپرس: نا خۆت گێڵ مەکە خۆت دەزانیت من چی دەڵێم!

عومەر عەلی: من خۆم گێڵ ناکەم لە راستیدا ئێوە خۆتان گێل دەکەن، لەبری ئیشی سەرەکی داوای ئیشی لاوەکی لە خەڵك دەکەن، دەبێت شەرم بکەن لەم جۆرە لاوەکیانە، ئەگەر ئێوە ئیشتان دەوێت و وڵاتتان مەبەستە، من نەك هەر خۆم سەدان کەسی دڵسۆزو خاوەن بڕوانامەو بە ئەزمونتان بۆ دەهێنمەوە لە ئەمەریکاو ئەوروپا بۆ ئیشکردن، جگە لە هەزارەها قوتابی دەرچوی زانکۆکانی خۆمان کە ئێستە بێ ئیشن و دایك و باوکیان رۆژیان ژماردوە تا تەواوی بکەن، ئێستە زیاتر بونەتە خەفەت بۆ ماڵەوەیان.

بەرپرس: ئەم فرسەتە بۆ تۆ هاتوەتە پێش لە دەستی خۆتی مەدە، ئێوە بنەماڵەیەکی ماندون و خاوەن شەهیدن، پێمان خۆشە موستەفیدبن.
عومەر عەلی: ئەڵبەت من شەرم دەکەم مامەڵە بە خوێنی کەسوکارمەوە بکەم، هەرچیان کردبێت ئەرکی خۆیان بوەو گەر قسوریان لە دین و ژینیش کردبێت خۆیان تاوانبار کردوە، لە هەرجێگەیەك کاربکەم دەمەوێت ممارەسەی پسپۆڕی خۆم بکەم نەك بێتوانای خۆم لە ژێر توانای شەهید و کەسەکانما بشارمەوە، دوای ئەوەش موستەفیدی چی! گریمان وا زەویەکی روکنیش و موچەیەکی بندیواریشتان بۆ بڕیمەوە، ئەو زەویە ببێتە گۆڕەکەم ئەگەر دڵی پێ خۆش بکەم، ئەو پارەش ببێتە قوڵزەقورتم کەوا بە بەلاش بێتە گیرفانم.
بەرپرس: بەخوا وا دیارە لەگەڵ تۆدا بێ فایدەیە.
عومەر عەلی: من دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بە فایدە بم، واز لەم جۆرە کارە نهێنیانە بهێنن، سەدان کەسی پاکتان پیس کرد!
بەرپرس: ئێوارە دەعوەتی من بە، دەچین بۆ (......) قسەی زیاتر دەکەین.
عومەر عەلی: تۆ دەعواتی من بە، دەچین لە بەردەم قەڵا وەك ئەو هەژارانە لەسەر شۆستەکە دادەنیشن و یەك نۆکاوێکی گەرمی بۆ دەخۆین بە دوو سەمونی حەجەریەوە هەمو دونیا دەهێنێت!
بەرپرس: هههه دەی دەی بەمە لێم رازی نابن لەسەر ئەم زەویە، بمبەن بۆ ئەوێش تا بە سەلامەتی دەرنەچم.

عومەر عەلی: لەمەشدا بە قسەم بکە زەرەرناکەیت، من چیژەکەیم دیوە، بۆیە لە کورسی و چێشتخانە راقیەکانیش پێم خۆشترە، جگە لەوە چەند خۆشە تۆ خۆت نان دەخۆیت و چێژیشی لێ وەردەگریت لەو سادەییە، بەڵام ئەو پارە کەمە دەبێتە ئاوەدانکردنەوەی ماڵێکی هەژار، چون ئەوان بەخوا زۆر گوناحن، پارەی دوکانیان نی یە، نایانەوێت سواڵ بکەن، ئیشێکی شەرەفمەندانەیان هەڵبژاردوە دەبێت ئێمەش یارمەتیان بدەین، من خۆم وادەکەم، کە دەڕۆم نۆکاو و ئاوێك دەخۆم و پێنج هەزاری دەدەمێ دەڵێم باقیەکەشی هەڵگرە بۆ منداڵەکان، ئەی بۆ دەوڵەمەندەکان و مەسولەکان دەچنە مەتعەمە راقیەکان باقیەکەی وەرناگرنەوە لە کاتێکدا ئەوان دەوڵەمەندیشن و منەتیشی لێ نازانن، ئەی بۆ ئێمە ئەوە لەگەڵ هەژارەکاندا نەکەین، جاری وا هەیە من دەچم لەسەر دە عەرەبانەی جیاواز شت دەکڕم، ناچم بۆ مارکێتەکان بۆ ئەوەی هەژارەکان سود وەرگرن، قەینا خۆشە مارکێت و بە عەرەبانەیەکەوە ئاسانترە، بەڵام بەخوا من ئەوەم زۆر پێ باشترە.

بەرپرس: باشە کاکە مەبەرە مامە خەمەی ئەو خەڵکە!

عومەر عەلی: دەبو تۆ مامە خەمە بوایەیت نەك من! چون من نە دەستەڵاتی حیزبی نە حکومیم نی یە!

بەرپرس: دەی ئەوەتا ئێمە دەستەڵاتت دەدەینێ تۆ خۆت قبوڵی ناکەیت!

عومەر عەلی: دەی باشە قبوڵی دەکەم! بەڵام نەك بەو شێوەی تۆ دەیڵێیت بەو شێوەی کە من دەمەوێت!

بەرپرس: تۆ چۆن دەتەوێت؟

عومەر عەلی: پۆستەکانی زانکۆ با بە سیڤی و بە توانا بێت، منیش وەك ئەو خەڵکە تەقدیمی دەکەم ئەگەر لە تواناسازیدا دەرچوم بە شەفافی پێمی بدەن، گەر دەرنەچوم پیرۆزبای لەوە دەکەم کە بە توانا جێگەکەی پێ بدرێت.
بەرپرس: تۆ گەر قبوڵی بکەیت بەبێ ئەو سەر ئێشە پۆستی بە دڵی خۆشت پێ دەدەین.
عومەر عەلی: نایدەن، من چەند جارێك تەقدمی چەند پۆستێکم کرد لە زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی سلێمانیش، کە رایانگەیاند سیڤی بنێرن منیش ناردم، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبو، حەزم دەکرد موقابەلە بکرایەم و دەرنەچوبام، یان ئەسڵەن بمزانیبا ئەوەی پۆستەکەی پێدرا بە سی ڤی بو یان بە میڤی بو!
بەرپرس: من دەبێت بڕۆم کاتم زۆر درەنگ کرد!
عومەر عەلی: خۆم دەتانگەیەنم و دواتر دەچم بۆ لای قەڵاو لە کن مافور فرۆشانی مەوعیدم لەگەڵ مامۆستایەکی هاوڕێم هەیە دوای عەسر لەوێ یەك ببینین.
بەرپرس: نا بەس هەندێك لێرە دورم بخەرەوە خۆم تەلەفۆن دەکەم بێن بە شوێنمدا!
عومەر عەلی: بڕۆین، فەرمو تۆ سەیارەکەی من لێخۆڕە با کەمێك چێژی لێخوڕینی سەیارەش ببینن!
بەرپرس: سەیارەکەشت خراپ نی یە رەقمی کاتیە نوێ یە!
عومەر عەلی: ئێوە حەزتان هەر لە شتی کاتیە بەڵێ نوێیە هەهە.
بەرپرس: لێخوڕین خۆشە، بەس تۆ فێڵبازیت منت کرد بە سایەقی خۆت هههه.

عومەر عەلی: ئیتر ئێستەدوا دەتوانیت سایەقی خۆت بیت و کەس سایەقیت بۆ نەکات.
بەرپرس: دەبێت هەر ئەم زەرفەم لێ وەرگریت!
عومەر عەلی: ئیمامی من لەمەدا ئیمامی طەبەریە کە هەدیەی لە بەرپرس وەرنەگرتوە، هەرچی بێت ناتوانم قبوڵی بکەم، چون من ژیاننامە ئیمامی طەبەریم نوسیوەو تەئسیری لێ کردوم.
بەرپرس: ئەوە باشە کەوتەوە بیرم، مەوزوعی کۆڕەکەشتان و باسی ئیسلام، کاکە یاسای ئیسلام قورسە دەڵێ دز دەبێت دەستی ببڕن! دونیا دونیای دویموکراسیە!
عومەر عەلی: کۆڕەکەی من باسی دەستی دز بڕین نەبو، بۆ هەر ناوی ئیسلام هێنرا ئیتر ئێوە دەترسن لە دەستی خۆتان، من باسی ستەمەکانی سەدامم کرد لە گەلی کورد، کردومە بە کتێبێکیش باسی ستەمەکانی هاوشێوەشم کردوە چ بەناوی دینەوە بێت یان غەیری دین، لە ئیسلامیشدا مەوزوعی دەستبڕین تەفاسیلی تێدایە.
بەرپرس: تەفاسیلەکەی چی یەو چۆنە؟
عومەر عەلی: بە کورتی لە ئیسلامدا ٣ جۆر دەست هەیە.
١-دەستی ماندو واتە ئیشکەر، ئەم دەستە دەستخۆشی لێ دەکرێت، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت ماچی کردوەو بەرزی کردوەتەوەو فەرمویەتی ئەم دەستە ئەو دەستەیە کە خوای گەورە خۆشی دەوێت.
٢-دەستی بەتاڵ، ئیسلام ئیش بۆ ئەم دەستە دەدۆزێتەوەو ناهێڵێت بەتاڵ بێت، گەر نەیتوانی تێری بکات و دزیش بکات دەستی

نابڕێت، وەك لەسەردەمی ئیمامی عومەردا ساڵێكی برسیەتی هەبو، بەلام لەسەردەمی عومەری كوڕی عەبدول عەزیزدا ئەوەندە سەروەت هەبو گەنمیان لەسەر شاخەكانیش دەڕژان بۆ ئاژەڵەكان.

٣-دەستی خیانەتكار هەیە، ئیسلام ئەم دەستە دەبڕێت بۆ ئەوەی خیانەتی میللەت برسی كردن نەبێت.

بەرپرس: من لێرە دەوەستم و دێن بە شوێنمدا خۆم دەڕۆم، حەزدەكەم هەدیەكەم لێ وەرگرن.

عومەر عەلی: ئەو هەدیەی بۆمن داتناوە بیدە بە هەژارەكان، زۆر خۆشە كە بە دەستی خۆت پارە دەدەیت بەهەژار، بەڵام تەسویری نەكەیت ها، خوات لەگەڵ بێت ئومێد دەكەم بەخۆتاندا بچنەوە تا دەستەڵاتتان هەیە، نەك كە تەقاعود بون ئەوسا قسە بكەن.

بەرپرس: خەمت نەبێت ئیش دەكەین و زۆریشمان كردوە!

عومەر عەلی: دەستخۆشی چاكەكانتان لێ دەكەم.

===

**دەڵێ پێم بۆ بەراز حەرامە؟**

مەسولێك لەمانەی خۆمان كە پۆستێكی باڵای هەیە بۆی نوسیوم

دكتۆر گیان بۆچی بەراز حەرامە؟

وتم: برا واللە ئێوە ئەبێت زۆر شوكری خوا بكەن كە خوا بەرازی حەرام كردووە؟

وتی بۆ؟

وتم: ئێوە مریشکتان پێ دابین ناکرێت نە خوازەڵا بەراز!
جا شتێکی تریش، ئەو میللەتە مریشك ئەخوا بۆیە وا فەقیرن، ئەگەر بێت و بەراز بخۆن هار ئەبن لێتان و وە دوو ڕۆژ ئەتان روخێنن.
دەستی نا بە عەلامەتی دڵ و پێکەنینەکەدا یەك ریزی بۆ ناردم..

===

**بە بوێری و کرانەوە**

پێی چەپم دومبەڵێکی گەورەی لە لاتەنیشتەوە دەرکردبو، نەدەگونجا لەگەڵ پێڵاودا، هەم ئازاری هەبو، هەمیش دەشەلیم، هەرکەسەو قسەیەکی لەبارەوە دەکرد، یەکێ دەیگوت وازی لێ بهێنە دواتر خۆی باش دەبێت، یەکێ دەیگوت نێوەنمەکی تێبگرەو بۆ بەیانیەکەی خۆی دەتەقێت، یەکێ دەیگوت عەیب ناکەیت لە خۆت ئەوە چی یە! پیاو فیشەکی بەردەکەوێت قسە ناکات، ئەم نوکە نوکە چی یە، بۆ ئەو تۆزە دومبەڵە، ڕۆژێك کابرایەك گوتی: کاکە واللە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، دەبێت بچیت بۆ دکتۆر، داوا بکەیت نەشتەرگەریت بۆ بکەن، منیش گەشتمە بەریتانیاو رۆشتم بۆ دکتۆر، زمانم نەدەزانی،

پێڵاوەکانم داکەندو نام بە لوتی دکتۆرەکەوە! وتم ئەوەتا سەیر بکەو من هیچ ناڵێم.

دکتۆر یەکسەر دەستکێشێکی کردە دەستی، بە موسێك هەندێکی لێ تاشی، وتی بڕۆرەوە حەفتەی داهاتو وەرەوە، بەو شێوەیە ٤ حەفتە بەردەوام بو، من هەربیرم لای نەشتەرگەری بو، کە کۆتا جار تەواوی کرد، وتم دکتۆر گیان کەی نەشتەرگەریم بۆ دەکەن؟ وتی تەواو ئیتر هەر ئەوە بو، جەلسەی ترمان پێویست نی یە! کە دەستم هێنا بە پێمدا سەیر دەکەم ساف و جوان! هیچ کێشەی نەماوە، چون هەربیرم لای نەشتەرگەری بو، ئەو جەلسانەم بە عیلاج دانەدەنا، کەچی بە ئاسانی چارەسەر کرام، زۆرجار بەسادەی کێشەکان چارەسەر دەبن.

ئەو کۆمپانیانەی کە ئێستە پێیان دەوترێت مارکە، شتومەکەکان کە زۆر گرانە، هۆکارەکەی ٢ شتە، یەکەم: کوالەتیەکەیان چاکە، دوهەم: ئەوەندە ڕیکلامیان بۆ کردوە بە زوبانی جیاوازو شێوەی پرۆفیشناڵانە، لە زهنی خەڵکدا چەسپیوە، گەرنا من بە نمونە لامە زۆر جێگەی تر هیچ ناوبانگیان نی یە، هەمان کوالەتی یان زۆرجار بگرە باشترین بەکار دەهێنن بەڵام کاڵاکانیان زۆر زۆر بە کەمتر دەفرۆشرێت.

له ئەڵمانیا شیعەیەك و سونەیەك دەبێت بە شەڕیان، شیعەكە جوێن دەدات بە ئیمامی عومەر، سونەكەش وەك كاردانەوە جوێن دەدات بە ئیمامی عەلی، چنگ دەدەن و كێشەكەیان دەچێتە مەحكەمە، حاكم نازانێت شیعەو سونەو عەلی و عومەر كێ یە، پرسیاریان لێ دەكات بۆ شەڕتان كردوە؟ سونە دەڵێ جوێنی بە ئیمامی عومەر داوە، شیعەش توڕەتر لەو دەڵێ جوێنی بە ئیمامی عەلی داوە، حاكم دەڵێ: باشە مادام كەیسەكە پەیوەستە بە دوكەسی ترەوە ئەوانیش بۆ جەلسەی داهاتو بانگ دەكەین تا وتەی ئەوانیش وەرگرین! ئەوانیش دەڵێن جەنابی حاكم تۆ ساغیت، عەلی و عومەر هەی هو ١٠٠٠ ساڵە زیاترە مردون! حاكمیش دەڵێ دەی ئەم دو كەسە ببەن بۆ نەخۆشخانەی نەفسی، دوكەس زیاتر لە هەزار ساڵە مردون ئێستە ئێوە بۆ شەڕی لەسەر دەكەن.

له وێنان بوین خەڵك لەناو خێمەو لە بنی بەردەدا ڕۆژی دەكردەوە، ڕۆژ تا ئێوارە لەسەر ئەو جادانە بەدوای كرێكاریدا خەڵكی وێڵ بو، ئەوەی زۆر جەنسی هەبوایە دەیانبرد بۆ ئیشی غەباتە، ئەو ڕۆژەی جەژن دەبو، چون ڕۆژانەیەكی

وەردەگرت، زۆرکەس هەبو، تا ئیوارە لەسەر شەقامی دافنی هەزار سەیارەی دەژماردو بەچاوێکی کزۆڵیەوە سەیری دەکرد تا بەڵکو بیبەن بۆ ئیش، ئا لەو کاتەدا کوردەکان لەناو خۆیاندا بو بە شەڕ، شەڕی یەکیەتی و پارتی، کوردەواری دەڵێ کلکی کەری تێدا دەقرتا!

بوێری سیفەتێکی زۆر گرنگە لە تاکەوە بیگرە تا دەگاتە کۆمەڵگا، بینیومە مشك پشیلەی فڕاندوە، چون مشکەکە بوێر بو، خۆی گیف کردەوەو هەڵدەبەزیەوە، پشیلە کونی دەست نەدەکەوت خۆی پێدا بکات!

کرانەوە ئێجگار گرنگە، بکرێینەوە بەڕوی دونیای دەرەوەدا، سەیربکەین و بزانین بۆ شتگەلێك لە ڕابردودا پێمان نەکراوە سابەڵکو ئەمڕۆ بتوانین بیکەین، ئەسڵەن بۆ دوربڕۆین جارێ با بکرێینەوە بەڕوی میللەتی خۆماندا، مەعقولە ئەوە چەند ساڵە شەڕی نیوان یەکیەتی و پارتی وەستاوەو دەستیان لە ملی یەکە، بەڵام هێشتا هەیە یەکیەتی یە ناوێرێت بچێت بۆ زۆنی زەرد، تاوانێك دەکات لە زۆنی سەوز ڕادەکات لە زۆنی زەرد ئیقامەی دائیمی پێ دەدەن، لە زۆنی زەردیش بە هەمان شێوە، کرانەوە

بەڵی ئەو ئافرەتانەی دڵیان وەك كەباب بۆ مێردە كوژراوەكانیان یان ونبوەكان دەسوتێت لەلایەك و لەلایەك بۆ منداڵەكان، ئەوان هەمو رۆژێكیان لە عەزابی قەبر سەختترە، چ ئیشی بەوەیە عەزابی قەبر هەبێت یان نەبێت؟! ئەسڵەن عەزابی جەهەنەمیشی دیوە، باسی مافی ئافرەت دەكەن ئێ دە بكرێنەوە لەگەڵ ئەم ئافرەتانەدا، هەناسەی زام و سۆزی لەبیر ببنەوە.

ڕۆشتم بۆ نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێم لە لەندەن بۆ ئەوەی بڕوانامەی دكتۆراكەم تەسدیق بكەم، لە جەڕەسم دەدا نەیان دەكردەوە، دام لە جەڕەسی قاتی یەكەم و كردیەوەو ڕۆشتمە ژورەوە، لە پێشوازی وتم من ئیشم بە نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێم هەیە تۆ دەیانناسیت؟ وە لە چ قاتێكن؟ وتی بەڵێ لە قاتی سێهەمە، باشیش دەیانناسم، هەموجارێك كوردەكان دێت پەلاماریان دەدەن و ئەوان ڕادەكەنە ژورەوە دەرگاكە لە خۆیان دادەخەن.

كە بەرنامەی بە بوێری ڕیكلامی بۆكرا زۆر دڵخۆش بوم، لە دڵی خۆمدا وتم ئافەرین بوێری سیفەتی كوردە، كاتی خۆی ستەمی ڕژێمەكانی ڕابردوی قبوڵ نەكردوە، ئێستەش چیتر ستەمەكانی ئێستە قبوڵ ناكات، حەتمەن كارێك دەكەن حكومەت

بترسێنن و با دەستەلاتیش نەبێت ئەوان ناچار بکەن بەخۆیاندا بچنەوە، وەك لەسەرەوە باسمکرد غیرەت بە گەورەیی و بچوکی نی یە! چاوەڕێم دەکرد هەرجارەو بەرپرسێك بهێنن و بە بوێری هەرچی گەندەڵی کردوە لەو بەرنامەدا بەبەرچاوی خەڵکەوە شین و مۆری بکەنەوە ئەوەندە پرسیاری لێ بکەن، نەخێر جامانە بەسەرێکم بینی! وتم پێدەچێت ئەم مامۆستا بەڕێزەیان هێنابێت تا لە پێشدا ئەحکامەکان شی بکاتەوە، تا کۆتای گوێملێگرت نەخێر هیچ پەیوەندی بە مەوزوعەوە نەبو، حەفتەی داهاتو عەمامە سپیەکیان هێنا، وتم ئەمجارە تەواوە، نەخێر ئەمجارەش هیچ پەیوەندی بە مەوزوعەوە نەبو، ئیتر دوای ئەوە من سەیری بەرنامەی بە بوێریم نەکرد، چون ناوەکە بوێری بو بەڵام کردارەکە ترسنۆکانە بو، ئەگەر حاکمێکی عادل هەبوایە، وەك شیعەو سونەکەی ئەڵمانیا لە پێشدا پێشکەشکارەکەی دەنارد بۆ نەخۆشخانەو دوات میوانەکەش!

کە بەرنامەی کرانەوە دەستی پێکرد، وتم ئەمە تەواوە، تاکەی نەکرێینەوە، مەعقولە هێشتا سنوری زۆنی سەوزو زەرد لە زهنی خەڵدا ماوە، دەبێت بکرێینەوە، نەك دێگەڵە بسڕینەوە دەبێت ڕازی نەبین بە سنوەکانی ئێران و تورکیاو سوریا،

حەتمەن دەبێت هەموی تێك بشكێنرێت، دو دانە دو دەكات بە یەك ناكات بەچوار، وتم حەتمەن فكریەن ئێستە زەمینەی سازی دەكرێت لە ڕوی فكریەوە بۆ كرانەوەو سڕینەوەی جیاوازیەكان، ئێستە لەم شاشە ڕونەوە گشت بەرپرسەكان دێنە سەرشاشەوە لاپەڕەیەكی نوێ هەڵ دەدەنەوە لەگەڵ میللەتدا، هەرباشە لە ئاخیری پیریشیاندا بەخۆیاندا بچنەوە، كە پێشكەش كارەكەم دی سواری سەیارە بو، وتم دیارە مەسولەكان نایەن بۆ ستۆدیۆ دەبێت بچن بۆ مالیان، هێشتا نەگەشتبو، وتم دەبو مەسولەكان بڕۆشتایەن بۆ ستۆدیۆ، كەسێك بیەوێت بكرێتەوە نابێت لەماڵ نەیەتە دەر، دەبێت بچێتە ناو میللەت ئەسڵەن پێش ستۆدیۆ، كە رۆشتە بەردەم دەرگا، وتم خوا گیان دونیا گۆڕاوە ئەمە چ مەسولێكە لەم خانوە شڕەدایە هێشتا، كەچی عەمامە بەسەرێك كردیەوە! هەی لەوە! دەبێت باسی چی بكەن! كاكە بە جدی دانیشتبو فوی دەكردە خۆی و دەچو بە قوڵا بۆی لەوەی عەزابی قەبر هەیە یان نی یە!

گەر موقابەلەی منیان بكردایە بۆم دەسەلماندن كە عەزابی قەبر هەیە! دەمگوت فلان بێوەژن كە پیاوەكەی سەرنگونە لە شەڕی ناوخۆدا، ئێسە هەمو رۆژێكی عەزابی قەبرە، یەك دونیا بێ

باوك دەناسم، هەر كە ناوی باوك دەبیستن عەزابی قەبرە، خزمێكمان كوڕەكەیان لە شەڕی ناوخۆدا ون بو، دوای ماوەیەك مەیتەكەیان بۆ هێنانەوەو وتیان سەیری مەكەن كەڵكی نی یە، خستیانە قەبرو دواتر هاتنەوە بۆی وتیان بە هەڵە هێناومانە ئەمە خۆی نی یە! دەریانهێنایەوە سەیر دەكەن فعلەن ئەو نەبو، دایكەكەی كە كوڕەكەیان دەرهێنا لە قەبرەكەو سەیریكرد ئەو نەبو! لە تەنیشت قەبرەكەدا بەبەرچاوی ئەو خەڵكەوە عەزابی قەبری دەچەشت.

چ لەو میللەتە دەكەن، بەشێوەیەك فكریان تێكداوە لە یۆناندا كرێكاری دەست ناكەوێت شەڕی یەكیەتی و پارتی دەكات.

چ لە خۆشیان دەكەن لە لەندەنیشدا ناتوانن بە ئاسودەی لە ئۆفیسەكانیاندا كاربكەن.

كێ لەم پشێویە براوەیە؟! هەموی دۆڕاوە تێیدا، ئەوە دۆڕان نی یە بەرپرس باسی ئازادی بكات نەوێرێت لە سەرای ئازادیدا بەبێ پاسەوان پیاسەیەك بكات، نەوێرێت لە لەندەندا بەبێ بۆدی

گارد بسوڕێتەوە، ئەوە دۆڕان نی یە منداڵێك دوای ٢٠٠٣ لە دایك بوە جوێن هەتا بەسەرۆكی وڵاتەكەی خۆشی دەدات!

ئەوە دۆڕان نی یە لە بێ نانی و بێ ئاوی و بێ كارەبای و بێ خزمەتگوزاری سەری خۆی هەڵگرتوەو گەشتوەتە ئەوروپا لێرەش بەردەبنە گیانی یەكتری.

بەدوای ڕاستیەكانی ئیسلامدا دەگەڕێن، تا من كۆمەڵێك سەرباس بخەمە بەردەستتان كە كاری لەسەر بكەن، بە بوێری و بە كرانەوەیەكی فراوان خۆتان و میللەتی پێ ئاشت بكەنەوە، گەر بتانەوێت دەتوانن، نەشتەرگری ناوێت، بە كۆمەڵێك جەلسە كۆتای پێ دێت، وەك پێیەكانی من.

ئەم چەمكانە هیچ خیلافێكی تێدا نی یە لە شەرعدا بیكەن بە سەدان بەرنامەی تەلەفزیۆن، بۆ هەردەم بەدوای ناكۆكیدا دەگەڕێن، چ سودمان لە ناكۆكی وەرگرتوە، وەرن لەسەر چەمكە سابتەكان ئیش بكەن.

**دەستپاکی...**

بۆچی بەرپرس دزی دەکات، هۆکاری بنبڕکردنی، بۆ ئەم دەستپیسیە دابەزیوە بۆ ئاستی کەسانی سادەی خوارەوە هەتا بەقاڵێك ئەمین نەبێت و پارەی تەماتەو خەیارەکەشی لێ دەدزن و دواتر دەشی کوژن، با پێشکەش کارەکە سەدان پرسیاری تر دەربهێنێت بۆ رۆشتنمان بۆ دەستپاکی.

**خەڵك نەکوشتن...**

با ئەو ئایەتە بکرێتە دەستپێکی بەرنامەکە کە کوشتنی تاکە کەسێك وەك کوشتنی هەمو سەر ئەرز وایە **(مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا)** المائدي ٣٢.

ئیتر لەو کەیسە گەورانەوە پێیدا بێن، تا دەگاتە ئەوەی چۆن سود لەم ئیسلامە وەرگرین، هەتا ئۆفێکیش بەرانبەر باوك و دایك نەکرێت.

كە كار لەسەر ئەو ئیسلامە حەقیقیەو سەوابیتەكان ناكریت، ئەوە ئەنجامی پەروەردەكەمانە ئێستە، لە هەمو مێژوی كورددا موعتادی تێدا نەبوە، ئێستە لە زیندانیشدا مەوادی موغەدەر خۆیان دانی پێدا دەنێن كە بازرگانی پێوە دەكرێت.

بەڵام بەداخەوە دەیڵێم ئێوە نە بوێرن و دەوێرن دەست بۆ ئەو كەیسانە ببەن كە بوێری دەوێت، نە دەتانەوێت بكرێنەوە لەگەڵ میللەتدا، بەناوی بوێریەوە منداڵێك فێر دەكەن لە ڕوی دایك و باوكیەوە بوەستێتەوە كە ١٣٠٠ ساڵ پێش ئێسە كەسێكی مسوڵمان وایكردوە توخوا ئیتر تۆ خەریكی چیت! بەناوی كرانەوە سەدان باڕو قومارخانەتان كردوەتەوە كە دانی پێدا دەنێن بكوژەكە لە خواردنەوە بوە.

دەبێت سود لە ئەزمونی كۆمپانیاكان وەرگرین، لەبری ئەوەی دەیان تەلەفزیۆنی بێ كەڵك بكەینەوە، با چەند تەلەفزیۆنێكمان بە زمانی بێگانە ببێت، با لەبری كەناڵی (خۆت داینێ) كەناڵێكی توركی بێت، نەك موسەلسەلە توركیەكان نقڵ بكات، با كەسانی زمان زانی توركی بهێننە شاشەو بە زمانی خۆیان حاڵی

خۆمانیان تێبگەیەنن، با لەبری کەناڵی (خۆت داینێ) کەناڵێکی فارسیمان هەبێت، کەناڵێکی عەرەبی، ئینگلیزی، بەڵام کوالەتی ئیشەکان پێش ڕیکلامەکەش چاك بکەن، تا کە بێگانەیەك تاقی کردنەوە بڵێت فعلەن شایستەن.

بەرپرسێك هاتبوە هۆڵەنداو کەیسی تەقدیم کردبو، پێیان وتبو چەندین کەس لەسەر تۆ ئیقامەی وەرگرتوە لێرە، ئێستە تۆش مەزلومیت! وەرن لەسەر ئەم کەیسانە کار بکەن.

فعلەن هەموشمان مەزلومین، هەریەکەو بەجۆرێك...

کۆتایی پێدەهێنم بەوەی، سەدان چەمکی گرنگ هەیە لەم ئیسلامەداو دەکرێت سەدان بەرنامەی لەسەر بکرێت بە ئامادەبونی شارەزاو پسپۆڕان و خاوەن ئەزمونەکان، ئەوانە برەو پێ بدەین تا گەنجێك کاریگەر بێت بە دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی و گوێ لە وتارەکانی بگرێت، نەك بۆ تڵپە تەمانە هەڵپەڕێت!

عەزابی قەبر لێگەڕێن بۆ خوا، چیتر ئێوە عەزابی خەڵکی مەدەن.

هەرکات پەکتان کەوت بۆ ناونیشانی بەرنامە، من دەیان تایتڵتان دەدەمێ، دەیان تایتڵ کە گرنگە کاری لەسەر بکرێت، هەرکات کێشە فیزیکیەکان چارەسەرکرا ئەوتا دەیان تایتڵی دەرونیشتان دەدەمێ.

ئەڵبەت دەتوانم بەقەدەر دکتۆرانامەیەك لەسەر ئەم مەوزوعە بوسم، بەڵام بەمە تێنەگەین بەم زمانە سادەو ئاساییە، ئەوسا بە دکتۆراو زمانێکی وشکی ئەکادیمی هەرگیز تێناگەین.

**کۆتایی**

گەر ٥ فەرزە لە مزگەوت نوێژ بکەیت، ٢ بست ڕیشت درێژ بێت، شوێنی سوجدە بەناو چاوتەوە دیار بێت، مافی کەسێکت پێشل کرد دەبێت مافەکە بگەڕێنیتەوە یان باجەکەی بدەیت.

سزای تاوانەکان لە ئیسلامدا هەموی دەگرێتەوە، دەکرێت مسوڵمان بیت و بە ناحەق کەسێکیش بکوژیت، دەکرێت

مسوڵمان بیت و زیناش بکەیت، دەکرێت هەرچی تاوانە ئەنجامی بدەیت، بەڵام هیچێك لەو تاوانانە مسوڵمان بونت نابێت بە پاساو بۆی.

===

هیچ یاسایەك وەك ئیسلام نەیتوانیوە جیاوازی نەكات لە نیوان ستەمكاراندا.

ستەم بە دەقی قورئانی دیاری كراوە، پەرلەمانیش مافی تەداخولی نی یە تێیدا!
===

وریابن...خوا بە ڕەحمە بەڵام

خوا بە ڕەحمە، تاوانێکت کرد بە نهێنی، هەر بە نهێنی بیهێڵەوە، داوای لێخۆشبون بکە لە خوای گەورە. خواش بە ڕەحمە لێت خۆش دەبێت.

بە ئاشکرا دژایەتی خواو پێغەمبەرو قورئان بکەیت! چاوەڕێ مەکە خوای گەورە لێت خۆش ببێت، چون تۆ خۆت ئاشکرات کردوە! ئەو چۆن بیشارێتەوە بۆت.

===

کۆی ئەم گفتوگۆو باسانە بە گونجاومان زانی پێکەوە بکرێن بەم پەرتوکەی کە لە بەردەستدایە، وەك هونەرێکی ڕوبەڕوبونەوەو ئاخافتن و چاندنی ئیمانی دروست لەناخی مرۆڤەکاندا.

## لەم پەرتوکەدا هاتوە:

گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆرێکی ئوستورالی.

گفتوگۆ لەگەڵ دەروونناسێکی بەریتانی.

گفتوگۆ لەگەڵ پۆڵەندیەك و ئوغسلافیەك.

گفتوگۆ لەگەڵ مولحیدێك.

چەندین گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی جیاواز.

کۆمەڵێك بابەتی ترو وتەی پەیوەندیدار.

## پەیامی ئیسلام ٢

# قیبلە

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

ISBN: 978-1-68454-167-6